
پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی...
٤


شۆڕشێک لە بنەڕەتەوە
٥


کورد و مالکی
٨


پانۆرامای ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی
١٠


درکاندنی ڕاستییەکان یان خیانەت دەرحەق...
١١


دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٥٧٨، سێشەممە، ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩١، ٣ی ئاوریلی ٢٠١٢، ١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com


## لێبوردنی نێونەتەوەیی: ئێران هەروا لە پلەی دووهەمی ئێعدامەکاندایە

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند، ئێران لە ساڵی ٢٠١١دا بە ئێعدامی لانیکەم ٣٦٠ کەس، هەروا لە بواری ژمارەی ئێعدامەکاندا دوای چین، لە پلەی دووهەمی جیهاندایە. لێبوردنی نێونەتەوەیی هەروەها دەڵێ، جگە لەمە ٢٤٧ کەس بە شێوەی نهێنی لە ئێراندا ئێعدام کراون.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە، لە ساڵی ڕابردووی زایینیدا، لانیکەم ٣ تۆمەتبار کە لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵیدا تاوانیان کردووە لە تاران و چوار مێرمنداڵیش لە شوێنەکانی دیکەی ئێراندا ئێعدام کراون.

# شەهید تیشکە لە دڵی شەوەزەنگدا



لە شەست و پێنجەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی پێشەوا قازی موحەممەد و هاوڕێیانی، لە ڕێوڕەسمگەلێکی جیاجیادا، یاد و بیرەوەریی ئەوان و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ئازادی و ڕزگاریی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩١ی هەتاوی بەڕێوە چوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا، سەرەتا بەشداربووان چوونە سەر گڵکۆی شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کوردستان و پاش خوێندنەوەی چەند سروود، تاجەگوڵینەی ڕێز و ئەمەگداری لە لایەن بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، هاوڕێ لەگەڵ خاتوو نەسرین مەحموود، هاوسەری شەهید لەسەر گۆڕی شەهیدان دانرا.

دواتر چەند نەمامێك لە لایەن بنەماڵەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتەوە لەسەر گڵکۆی شەهیدان چێنرا. لە بڕگەی کۆتایی بەشی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا، پێشانگای وێنەی شەهیدان لە ساڵۆنی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیی حیزب بەرەوڕووی بەشداربووان کرایەوە.

بەشی دووهەم لە ساڵۆنی گشتیی ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکرات بە بەشداریی بەڕێز مستەفا هیجری، ئەندامانی ڕێبەریی حیزب، نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسی و ئایینییەکانی کوردستان، کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان و میوانان، بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان، دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، لە لایەن بەڕێز ڕۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە پێشکەش کرا.

پەیامی یەکیەتییەکانی لاوان، خوێندکاران و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو بۆنەوە لە لایەن بەڕێز کەیهان یووسفی، سکرتێری یەکیەتیی خوێندکارانەوە پێشکەش کرا.

دەقی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ڕێوڕەسم و چالاکییەکانی ١٠ی خاکەلێوە، لە لاپەڕەکانی ٢ و ٣ی ئەم ژمارەی «کوردستان»دا هاتوون.

## باراک ئۆباما لە هەمبەر بەڕێوەبردنی گەمارۆی نەوتی ئێران ڕەزامەندی دەربڕی

باراك ئۆباما لەگەڵ بەڕێوەبردنی گەمارۆکانی پەسندکراوی کۆنگرەی ئامریکا دژی سیستمی ماڵی و پیشەسازیی نەوتی ڕێژیمی ئێران ڕەزامەندی دەربڕی.

بەپێی ڕاپۆرتی بی.بی.سی، لە بەیاننامەی کۆشکی سپیدا هاتووە کە باراك ئۆباما بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە ئەوەندە نەوتی خاو لە بازاڕەکانی جیهاندا هەیە کە ئەگەر هاوپەیمانەکانی ئامریکا نەوت لە ئێران نەکڕن، خەسار نەبینن.

ئەم بڕیارەی ئۆباما ئەو ئیزنە بە ئامریکا دەدا کە لە کۆتاییەکانی مانگی ژووئەنەوە، گەمارۆگەلێك بخاتە سەر ئەو بانکە بیانییانەی کە لایەنی ئاڵوێر لەگەڵ پیشەسازیی نەوت یان بانکی ناوەندیی ئێرانن. ئامانجی ئەم کردەوەی ئامریکا کە هاوئاهەنگ لەگەڵ بڕیاری یەکیەتیی ئورووپا بۆ گەمارۆی کڕینی نەوت لە ئێران بەڕێوە دەچێ، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ وازهێنان لە بەرنامە ناوکییەکەی بخاتە ژێر گوشارەوە.

ئاسۆشییەیتێد پرێس ڕایگەیاندووە کە بەرپرسانی ئامریکا هیوادارن گوشارە ئابوورییەکان ئێران بۆ وازهێنان لە بەرنامە ناوکییەکەی بخاتە ژێر گوشارەوە و هەر لەو کاتەیشدا قەناعەت بە ئیسرائیل بێنێ کە پێش لەوەی بیهەوێ هێرش بکاتە سەر ئێران، دەرەتانی کاریگەریدانان بە گەمارۆکان بدات.

هەر لەم کاتەدا، عیماد حوسێنی، وتەبێژی کومیسیۆنی وزەی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر بەستراوەیی لایحەی بودجەی ١٣٩١ بە داهاتی نەوتی، دەوڵەتی بەوە تۆمەتبار کرد کە بەڵێنی «کەمکردنەوەی بەستراوەیی بودجە بە نەوت» لە پشتی ویترینی دروشمەکاندا ماوەتەوە.

## کوردەکان شووڕای نەتەوەیی سووریەیان بە دۆستانی سپارد!

نوێنەرانی شووڕای نەتەوەیی کوردی سووریە، کۆنگرەی لایەنە دژبەرەکانی ڕێژیمی سووریە لە ئێستانبولیان بە نارەزایەتی بە گرینگینەدانی بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەکە و لایەنە سیاسییە سوورییەکان بە مافی نەتەوەی کورد، بەجێ هێشت.

دووهەمین کۆنفرانسی دۆستانی خەڵکی سووریە ڕۆژی یەکشەممە بە بەشداریی نوێنەرانی ٨٣ وڵاتی جیهان و چەند ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لە ئێستانبولی تورکیە بەڕێوە چوو.

ئەم کۆنفرانسە لە بەیاننامەی کۆتایی خۆیدا «شووڕای نەتەوەیی سووریە»ی وەکوو نوێنەری یاسایی خەڵکی سووریە بە فەرمی ناسیوە.

سەرەڕای داواکاریی بەرهەڵستکارەکان، شووڕای نەتەوەیی وەکوو «تەنیا نوێنەری خەڵکی سووریە» بە فەرمی نەناسراوە و بەم پێیەش ئێستایش کارکردن لەگەڵی وەکوو دەوڵەتێك نابێ.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆیتێرز، کۆنگرەکە لە بەیاننامەی کۆتایی خۆیدا داوای لە کوفی عەنان، نێردراوی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا بۆ سووریە کردووە کە ماوەیەکی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی بخاتە ڕوو.

نەبیل ئەلعەرەبی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی عەرەب خوازیاری دەرکردنی بڕیارنامەیەکی کردەکی بەپێی بەندی حەوتەمی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شووڕای ئاسایش بوو تا دەوڵەتی ئەم وڵاتە ملکەچی جێبەجێکردنی بەڵێنییەکانی بکات.

## پـەیـڤ

کەریم پەرویزی

### چەواشەکاریی مێژوویی

ڕێژیم و دەسەڵاتە سەرەڕۆ و پاوانخوازەکان، لە پێناوی سەقامگیرکردن و مانەوەی حوکم و دەسەڵاتەکەیاندا دەست دەدەنە چەندین شێوازی جۆربەجۆری بەلاڕێدابردن و فریودانی ڕای گشتی، تاکوو واقیع و ڕاستییەکان بشێوێنن و ئامانجی دەستکردی خۆیان، لە ڕای گشتی بکەن بە هەقیقەت و ڕاستیی ڕەها.

زۆربەی هەرە زۆری ئەو جۆرە دەسەڵاتانە، دوژمنێکی وەهمی دەخوڵقێنن و بەردەوام باس لە مەترسییەکانی ئەو دوژمنە و ئەو ڕکەبەرە ناواقیعی و گەورەنوێندراوە دەکەن، تاکوو خەڵکی پێ بترسێنن و لە ترسی ئەژدەها پەنا ببەنە بەر مار! ئێستە ڕەنگە ڕێژیمەکە و دەسەڵاتدارەکە جێگای مار و ئەژدەهای لە خەڵك گۆڕی بێ و سیماکەیانی شێواندبێ!

ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی یەکێك لە نموونە هەرە ئەساسییەکانی وەها دەسەڵاتێکە و بەردەوام ئەو جۆرە پڕوپاگەندەیە بڵاو دەکاتەوە کە «دوژمن خەریکی پیلانگێڕانە» و هەن ئەو کەس و لایەنانەش کە هاوکات لەگەڵ ڕێژیم ئەژدەهایەك بە ناوی «دابەشبوونی ئێران» دروست دەکەن تاکوو خەڵك واز لە داواکاریی مافەکانی خۆی بێنێ و دەنگ هەڵنەبڕێ و پەنا بباتە ژێر عەبای ویلایەتی فەقیە.

یەکێك لەو چەواشەکارییە گرینگ و مێژووییانە کە هەموو دەسەڵاتدارانی پاوانخواز دەیکەن و کۆماری ئیسلامیش لە سەرەتاوە ئەنجامی دا و تاکوو ئێستا بەڕێوەی دەبا، بەلاڕێدابردنی بیری خەڵك بەوەیە کە بژاردە و ڕێگاکانی بەردەم ون بکرێن و خۆڵیان بە سەردا بکرێت و تەنیا ڕێگای خوازراوی پاوانخواز و ملهوڕ بهێڵرێتەوە و لە بەرامبەریشدا ڕێگایەك کە خەڵك بە هیچ شێوەیەك قبووڵی ناکەن وەکوو ڕکەبەر دابنرێ و لە چەواشەکارییەکی مێژوویيدا، خەڵك ناچار بە هەڵبژاردن لە نێوان «خراپ و خراپتر» یان «مار و ئەژدیها» بکرێن و هەمیشەش ڕوونە کە خەڵك لە وەها دۆخێکدا خراپ هەڵدەبژێرن و پەنا دەبەنە بەر «مار»!

ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ ی هەتاوی، ئەو ڕۆژەیە کە کۆماری ویلایەتی فەقیهی گەورەترین چەواشەکاریی مێژوویی تێدا ئەنجام دا و خەڵکی ناچار کرد کە لە نێوان ڕێژیمی خومەینی و گەڕانەوە بۆ ڕێژیمی تازە ڕووخاوی پاشایەتیدا، یەکێکیان هەڵبژێرن، لەوەها ڕۆژ و هەلومەرجێکدا هەرچەند حیزبی دێموکرات و گەلی کورد بە هەڵوێستێکی وشیار و سیاسییانە، فریوی ئەو درۆ مەزنەیان نەخوارد و گوتیان کە ئەوە خۆڵ لە چاوی خەڵك کردنە و بایکۆتی ڕێفراندۆمەکەیان کرد، بەڵام زۆربەی خەڵکی باقی شوێنەکانی ئێران کڵاویان لە سەر کرا و وێنەیەکی درۆینەی دەستکردیان لە باتی هەتاوی هەقیقەت پێ قەبووڵ کرا.

## بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، کۆڕیادێک لە نۆرویژ بەڕێوە چوو

بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی کوردستان و ٦٥ەمین ساڵیادی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، لە لایەن کۆمیتەی گشتیی PDKI لە وڵاتی نۆرێژ، رۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوە، کۆڕیادێك بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە و نوێنەرانی حیزبە سیاسییە کوردستانییەکان، لە ناوچەی «لیللەسترویم» بەڕێوە چوو.
ئەو کۆڕیادە کە لە سێ بەش، واتە بەشی پەیامەکان، سمینار و دابەشکردنی نامەی رێزلێنان بە سەر بنەماڵەی شەهیداندا پێك هاتبوو، بەم شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو:
ـ پێشکەشکردنی سرودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و راگەیاندنی خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان
ـ هەڵکردنی شەست و پێنج مۆم بە نیشانەی شەست و پێنجەمین ساڵیادی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی
ـ خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی گشتیی PDKI لە وڵاتی نۆرویژ لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی ناوبراو، رێزدار کاوە عەبداڵی
ـ پێشکەشکردنی پەخشانێك لە ژێر ناوی «کوچە و کۆڵانە دڵتەنگەکانی مەهاباد» لە لایەن مەنسوور عەزیزییەوە
ـ خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی هاوکاریی هێزە کوردستانییەکان لە نۆرویژ، لە لایەن رێزدار ئیبراهیم کۆنەپۆشی، بەرپرسی کۆمیتەی ناوبراوەوە
ـ پێشکەشکردنی پەیامی پارتی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ لە لایەن رێزدار موحەممەد ئەسکەندەرەوە
ـ خوێندنەوەی پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە نورویژ لە لایەن رێزدار ئەنوەر بایەزیدییەوە.
ـ پێشکەشکردنی پەیامی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی کولتووریی گشتیی کوردی، لە لایەن رەعدە پاڵانی، بەرپرسی کۆمیتەی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە، لە نۆرویژ.
ـ پێشکەشکردنی هەڵبەستێك لە ژێر ناوی دایکی شەهید، لە لایەن رێزدار سمکۆ بێکەسەوە
بەشی دووهەمی کۆڕیادەکە تەرخان کرابوو بۆ سمینارێك لەسەر ١٠ی خاکەلێوە، کەسایەتیی پێشەوا قازی موحەممەد و ئاڵوگۆڕەکانی ئەمڕۆی ناوچەکە و کورد و پرسی هاودەنگی و یەکگرتن لە پێناو مافە رەواکانی گەلی کورددا. میوانانی ئەو سمینارە، بریتی بوون لە بەڕێزان ئیبراهیم لاجانی، سمکۆ ئیسماعیلزادە، پەری رەشیدیان و جەمیل کولاهی.
ـ پێشکەشکردنی هەڵبەستێك لە لایەن رێزدار هیوا ئەحمەدییەوە
لە دوایین بەشی کۆڕیادەکەدا، بەڕێز قادر رەسوولی، بەرپرسی بەشی بۆنەکان لە پێوەندی لەگەڵ بۆنە جیاوازەکاندا وتەیەکی پێشکەش کرد و سوپاسی بەشداربووانی کرد و پاشان نامەی رێزلێنانی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە نۆرویژ، لە لایەن بەڕێزان کاوە عەبداڵی و ئیبراهیم لاجانییەوە، پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدان کرا.

## بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ١٠ ی خاکەلێوە لە دانمارک

ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە، بە بۆنەی ساڵرۆژی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆك کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی، سمینارێك لە لایەن ماڵی کورد و کۆمەڵەی کوردی لە شاری ئالبۆرگی دانمارك بەڕێوە چوو کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی دەڤەرەکە تێیدا بەشدار بوون.
دوای سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگیرانی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان پەیامی کۆمەڵەی کوردی و ماڵی کورد لە لایەن کاك حامید عەبدوڵڵا، ئەندامی ماڵی کوردەوە پێشکەش کرا. دواتر لە لایەن گەلاوێژ خوسرەوی، کچی شەهید عەزیز محەممەد خوسرەوی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پارچە هەڵبەستێك خوێندرایەوە.
لە بەشێکی سمینارەکەدا لە لایەن بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان کە لە سمینارەکەدا بەشدار بوون، بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان مۆم هەڵکرا. هەروەها لە لایەن بەڕێوەبەرانی سمینارەکەوە نامەیەکی ڕێزلێنان بەو بنەماڵە و کەسوکارانەی شەهیدان درا کە بەشداری سمینارەکە بوون.
دوا بەشی سمینارەکە باسێك بوو لە لایەن تێکۆشەری سیاسی و ئەندامی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز کاك عەبدولڕەزا کەریمی (کاك ئەبوو).
کاك ئەبوو لە وتارەکەیدا باسی لە گەورەیی شەهید پێشەوا وەك ڕێبەرێکی مۆدێرن و بلیمەت، پلەی بەرزی شەهید و بایەخدان بەو بەها نەتەوەییانە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بۆیان شەهید بوون، کرد. دوای کۆتاییهاتنی وتەکانی کاك ئەبوو، کۆمەڵێك پرسیار و تێبینی لەمەڕ باسەکە ڕووبەڕووی بەڕێزیان کران کە وەڵامی پرسیار و سەرنجەکانی بەشدارانی دایەوە.
شایانی باسە چەند پارچە هەڵبەست بەم بۆنەوە لە بڕگە جیاجیاکانی سمیناری رۆژی شەهیدانی کوردستاندا پێشکەش کران.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە ستۆکهۆڵم

بۆ ریزگرتن لە ١٠ی خاکەلێوە، ٦٥ەمین ساڵیادی لەسێدارەدانی پێشەوای نەمر قازی محەممەد و هاوڕێیانی و رۆژی شەهیدانی کوردستان، کومیتەی PDKI لە ستۆکهۆڵم، رۆژی شەممە، ١٢ی خاکەلێوە، سمینارێکی سیاسی لەم شارە پێك هێنا. سمینارەکە، کە بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی PDKI و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بەڕێوە چوو، لەم بڕگانەی خوارەوە پێك هاتبوو:
ـ پێشکەشکردنی سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب و راگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان
ـ پێشکەشکردنی باسێك لەسەر ١٠ی خاکەلێوە و کەسایەتیی پێشەوا لە لایەن بەڕێزان ئەحمەد کاکەمەمی و دوکتور حوسێن خەلیقی
ـ نیشاندانی فیلمێکی مێژوویی لە سەر کۆماری کوردستان و پێشەوای نەمر، لە ئامادەکردنی کاك سمایل ماملێ
ـ سەردانی گڵکۆی شەهیدان لە باکوور و باشووری شاری ستۆکهۆڵم و دانانی چەپکەگوڵ لەسەر گڵکۆی شەهیدان کاك کامران هیدایەتی، کاك برایم جوورابچی، کاك کەریم محەممەدزادە و هەروەها گڵکۆی ئەندامی جوانەمەرگی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خوشکە شەهلا ئەحمەدی.

## بەشداریی هەیئەتێکی PDKI لە ڕێوڕەسمی ١٠یەمین ساڵیادی کۆچی دوایی نووسەری ناوداری کورد، «مەسعوود محەممەد»

ڕێوڕەسمی ١٠یەمین ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا «مەسعوود محەممەد»، نووسەر و زمانناس و ڕووناکبیری کورد لە گۆڕستانی شاری کۆیە بەڕێوە چوو.
ڕێکەوتی ١٣ی خاکەلێوە، هەیئەتێکی PDKI بە سەرپەرستیی بەڕێز «محەممەد نەزیف قادری»، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ١٠یەمین ساڵیادی کۆچی دوایی نووسەر و کەسایەتیی پایەبەرزی کورد، «مەسعوود محەممەد» لەسەر گڵکۆی ناوبراو لە گۆڕستانی دەروێش خدری شاری کۆیە بەشداری کرد.
لە ڕێوڕەسمەکەدا چەپکە گوڵی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە لایەن بەڕێز «محەممەد نەزیف قادری»یەوە لەسەر گڵکۆی مامۆستا مەسعوود محەممەد دانرا.
هەروەها پەیامی PDKI بەم بۆنەوە لەلایەن بەڕێز «محەممەد نوزیف قادری»یەوە پێشکەش کرا کە بەڕێزیان لە سەرەتادا ئاماژەی بە ژیانی پڕبەرهەمی مامۆستا مەسعوود محەممەد کرد و پاشان رۆڵ و کاریگەریی ئەو نووسەرە گەورەیەی لە مێژووی نەتەوەکەماندا بەرز نرخاند. هەروەها ئاماژەی بە هەڵوێستی نەتەوەیی مامۆستا مەسعوود محەممەد لەهەمبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و دۆستایەتیی لەمێژینەی لەگەڵ دوکتور قاسملووی شەهید کرد.
بەڕیز «محەممەد نەزیف قادری» لە کۆتایی پەیامەکەیدا ئاماژەشی بەوە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە رێز و حورمەتەوە دەڕوانێتە ژیانی پڕ لە شانازیی مەسعوود محەممەد و سەری رێز و نەوازش لە بەرانبەر گەورەیی و زانایی و خزمەتەکانی دادەنەوێنێت.



## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژە لە لەندەن لەسەر پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران



زانکۆی «ئیسیکس» لە لەندەن کونفرانسێکی دوو ڕۆژەی بۆ بەڕێز ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ لە ئێران لە ڕۆژەکانی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٩٠ ڕێك خست.
نزیکەی ٢٠ ڕێکخراوە و پسپۆری مافی مرۆڤ لەوانە: ڕێکخراوی «ئەمنیستی ئینترناسیۆنال»، ڕێکخراوی «ڕاپۆرتێرانی بێسنوور»، ڕێکخراوی بەهاییەکان، چەندین پرۆفسۆر لە زانکۆکانی «ئوکسفۆرد»، «نیۆیۆرك» و هەروەها چەندین کارناسی کاروباری ئێران وەك «بەڕێز مۆریس کاپیتۆرن»، ڕاپۆرتێری پێشووی یو ـ ئێن بۆ ئێران لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بوون.
شایانی باسە کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێف وەك تەنیا ڕێکخراوی کوردستانی بە فەرمی بانگهێشتنی ئەو کۆنفرانسە کرابوو.
ئامانجی سەرەکیی ئەم کۆنفرانسە ئامادەکاری بۆ سەفەری داهاتووی بەڕێز ئەحمەد شەهید بۆ ئێران و هەروەها تەواوکردنی ڕاپۆرتی ناوبراو لە سەر ئێران بوو کە بڕیارە لە مانگی سێپتامبری ئەمساڵدا پێشکەشی بکات بە کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیۆیۆرك.
لە ماوەی کۆنفرانسەکەدا، تەواوی لایەنە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران تاوتوێ کران و چەندین ڕاسپاردە و پێشنیار بۆ باشترکردنی ڕاپۆرتەکانی دوکتۆر ئەحمەد شەهید هێنرانە ئاراوە.
تەیموور ئەلیاسی، نوێنەری هەمیشەیی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێف لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر پرسی جیاوازیدانان بە شێوەیەکی سیستماتیك لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی گەلی کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێران لە بوارە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسییەکان و خوێندن بە زمانی دایکی قسەی کرد.
ناوبراو سەرنجی ڕاپۆرتێری تایبەتی یو ـ ئێن و بەشدارانی ڕاکێشا بۆ لای پرسی لەسێدارەدانی تێکۆشەرانی کورد، میلیتاریزەکردنی کوردستان بە مینی دژەنەفەر، سیاسەتی چۆڵکردنی کوردستان و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی تریاك لە کوردستان لە لایەن پاسداران و هەروەها مۆعتادکردنی لاوانی کورد و هەروەها پرسی کۆڵبەرانی کورد و کوشتنیان لە لایەن هێزەکانی سەر بە ڕژیمەوە.
لە درێژەی کۆنفرانسەکەدا، نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران ـ ژنێف چەندین ڕاسپاردەی پێشکەش بە بەڕێز ئەحمەد شەهید کرد، لەوانە سەردانی بەندیخانەکانی کوردستان، دیدار لە گەڵ بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند و سەردانی کوردستانی ئێراق بۆ چاوپێکەوتن لە گەڵ پەنابەرانی کوردستانی ئێران بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە.
لە دیدارێکی تایبەت لە پەراوێزی کونفرانسەکەدا لە نێوان تەیموور ئەلیاسی و بەڕێز ئەحمەد شەهید و هاوکارەکەی «خاتوو ڕۆز» هەر دوو لا لە سەر ئەوە ڕێککەوتن کە هاوکات لە گەڵ کۆبوونەوەکانی شووڕای مافی مرۆڤ لە ژنێف، کۆبوونەوەی وەرزانە ڕێك بخەن بۆ ئاگادارکردنی ڕاپۆرتێری تایبەتی یو ـ ئێن بۆ ئێران لە درێژەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە سوئیس

بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان، کۆمیتەی PDKI و کۆمیتەی پارتی سوسیالیستی کوردستان لە سویس، رۆژی شەممە، ١٢ی خاکەلێوە، ڕێوڕەسمێکیان بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە، ئەندامان و لایەنگرانی PDKI، لە شاری بیل بەڕێوە برد.
ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و بەتایبەتی پێشەوا قازی محەممەد دەستی پێکرد.
پاشان کاك فەیسەڵ دلێر، ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە سویس، پەیامی هاوبەشی هەر دوو کومیتەی، لەسەر ئەو ڕۆژە مێژووییە پێشکەش کرد و لە وتارەکەیاندا هەلومەرجی سەردەمی کۆماری کوردستان و هەروەها پێداگریی پێشەوای لەسەر یەکیەتیی نەتەوایەتی کە زامنی سەرکەوتنی خەباتی گەلی کوردە شی کردەوە.
پاشان ژیاننامەی پێشەوا قازی محەممەد لە لایەن خوشکە فەوزییەوە خوێندرایەوە.
هەروەها هونراوەی «ئەی شەهیدان» بە پرۆژکتۆر پیشان درا.
لە بڕگەیەکی دیکەی برنامەکەدا پارچە شێعریك لەسەر «شەهید» لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامەکەوە خوێندرایەوە.
ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی سروودی ئەی رەقیب کۆتایی پێهات.

## ڕێوڕەسمی رۆژی شەهیدانی کوردستان لە فالۆنی سوئێد بەڕێوە چوو

رۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٢ی خاکەلێوە، کومیتەی فالۆنی PDKI ڕێوڕەسمێکی بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان بە بەشداریی ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی PDKI و هەروەها کوردانی دانیشتووی ئەو شارە پێك هێنا.
ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و راگرتنی خۆلەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.
پاشان کاك «جەمیل ئەمینپوور»، چەند وتەیەکی بەنرخی سەبارەت بە ١٠ی خاکەلێوە پێشکەش کرد. پاشان چەند پارچە شێعری پەیوەندیدار بە ڕۆژی شەهیدان لە لایەن بەڕێزان کاك «جەمیل عۆزەیری» و کاك «مەولوود ئازەرئەفشان»ەوە خوێندرانەوە.
بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ پیشاندانی وێنەی شەهیدان کە لە لایەن کومیتەی PDKI لە شاری فالۆن ئامادە کرابوو.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی دێرینی PDKI



پێشمەرگەیەکی دێرینی PDKI ، بە ناوی ساڵح ئەمینی بە هۆی راوەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد. کاك ساڵح رێکەوتی ٢٩ی رەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کاك «ساڵح ئەمینی» لە ساڵی ١٣٥٨دا دەبێت بە پێشمەرگە و لە هێزی شاهۆ سازمان دەدرێت و بەوپەڕی قارەمانەتییەوە و شان بە شانی پێشمەرگەکانی دیکەی هێزی شاهۆ بەرپەرچی هێرشەکانی رێژیم دەداتەوە.

کاك ساڵح لە شەڕەکانی: شەڕی سێ مانگە، شەڕی پاوە، مەلاندەر و دووئاو، نەوسوود، نۆدشە، هانەگەرمەڵە، دەرەتفێ و ... چالاکانە بەشدار بووە.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەیەکی دڵسۆز، قارەمان و لەسەرخۆ بوو و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی هەموو ئەرکە پێئەسپێردراوەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکار و هاوسەنگەرانی خوالێخۆشبوو دەکات.

## چالاکیی تەبلیغیی ئەندامان و لایەنگرانی PDKI بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە

ئەندامان و لایەنگرانی PDKI بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان لە چەندین شار و ناوچەدا چالاکیی تەبلیغییان بە شێوازی جۆراوجۆر بەڕێوە برد.

ئەو شار و ناوچانەی کە ئەو چالاکییەیان تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە:

سنە، پیرانشار، مەریوان، شارۆچکەی کانی دینار، ناوچەی هەورامان، سەردەشت، ناوچەی مەرگەوەڕ و ورمێ، ناوچەی هەوشار (سایین قەڵاو و گوندەکانی هەوشار)، نەغەدە (سەیرانگاکان و ناوچەی سندووس).

## بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی١٠ی خاکەلێوە لە ئوریبرو

بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی کوردستانەوە، کومیتەی ئوریبروی PDKI ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی پێك هێنا. ڕێوڕەسمەکە بە سرودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

لە دەستپێکی برگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی کۆمیتەی ئوریبروی PDKI لە لایەن بەرپرسی کۆمیتە کاك «سەلاح ئارامیش»ەوە خوێندرایەوە. پاشان پەیامی کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان، ژنان و یەکیەتیی کوردان لە لایەن خاتوو «ئاوارە جەلالی»یەوە پێشکەش کرا. خاتوو شنۆ سەحرایی هۆنراوەیەکی بەهەستی پێشکەش کرد. برووسکەی ماتەمینی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ماڵپەڕی خاکەلێوە پێشکەش کران.

لە برگەیەکی دیکەدا بەڕێز بێهروزی کوردئەحمەدی، لە پەخشانێکی پر لە هەستدا چەند ساتێك لەگەڵ تێکۆشەری دێموکرات، کەسایەتیی ناوداری گەلەکەمان کاك مەلا حەسەنی شیوەسەڵی دوا و هەوڵی دا ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ بیلاوێنێتەوە و کەمێك لە ئێش و ئازارەکانی ئەو خۆشەویستە کەم بکاتەوە. پاشان بەڕێزیان شێعرێکی خوێندەوە کە لەسەر گەورەیی و زانایی نەمر د.قاسملوو هۆنیبوویەوە. پاشان پەیامی ئەنجومەنی بزوتنەوەی گۆڕان، رێکخراوی ئوریبروی پارتی دێموکراتی کوردستان و کەرتی ڕێکخستنی ئوریبروی یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان خوێندرانەوە. شایانی ئاماژەیە کە بە درێژایی بەشی یەکەمی ڕێوڕەسمەکە لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکەوە شێعر و پەخشانی تایبەت بە یادی شەهیدانی کوردستان دەخوێندرانەوە.

بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ بەڕێز د.بورهان یاسین، مامۆستای زانکۆ و مێژووزان و چالاکی بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەم برگەیە بە شێوەی کۆڕ یا «سمینار» بەڕێوە چوو. لەم بەشەدا بەڕێز د.بورهان یاسین، باسێکی زانستی لەسەر رۆڵی پێشەوا و گرینگیی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێشکەش کرد. بەڕێز د.بورهان یاسین لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستانی خستە بەرباس و لەسەر پێویستیی یەکیەتی و برایەتیی ریزەکانی کورد پێی داگرت.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی ئەی شەهیدان کۆتایی هات.

## کۆریادی ١٠ی خاکەلێوە، لە کارلستاد بەڕێوە چوو

بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی کوردستان، رێکەوتی ١٢ی خاکەلێوە، لە شاری کارلستاد، ریوڕەسمیکی رێزلینان بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بەشیکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی ئەم شارە بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی «ئەی شەهیدان» و راگرتنی ساتیك بێدەنگی بۆ رۆحی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

بەشی یەکەمی ڕێوڕەسمەکە بریتی بوو لە:

- خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی PDKI لە «کارلستاد» لە لایان کاك وەهاب تێیوری، بەرپرسی کومیتە
- خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان لە لایەن خاتوو ریژاو
- خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی کوردان لە لایەن کاك محەممەد پاڵانی
- خوێندنەوەی پەیامی ئەنجومەنی کولتووری «افغانستان» لە لایەن ئاغا خەلیل
- خوێندنەوەی پەیامی حیزبی ژینگەی سوئێد لە لایەن ئاسۆ زەند
- هونراوەیەك لەلایەن کاك حسێن عەلیپوور
- پارچە شیعریك لە لایان کاك محەممەد پاڵانی.

پاشان کاك عەبدوڵڵا حیجاب بەم بۆنەوە باسێکی پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە وتەکانیدا ئاماژەی بە خەباتی مافخوازی گەلی کورد و ڕەوابوونی ئەم خەباتە کرد.

بەڕێز حیجاب لە بەشێکی دیکەی باسەکەدا تیشکی خستە سەر مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و دابینبوونی ئەو مافە لە چوارچێوەی جێگیرکردنی دێموکراسی لە وڵاتی فرەنەتەوەی ئێراندا و دواتر ئاماژەی بە وتە بەنرخەکانی رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو لە بارەی شەهیدانەوە کرد. کاك عەبدوڵڵا حیجاب هەروەها باسی لە رۆڵی پێشەوا قازی محەممەد و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان و چۆنیەتیی شەهیدکرانی پێشەوا و هاوڕێیانی و هەروەها خەباتی حیزبی دێموکرات لە قۆناغە هەستیارە جیاجیاکاندا کرد.

دوا برگەی ڕێوڕەسمەکە پیشاندانی کورتە فیلمێك بوو لەسەر ١٠ی خاکەڵیوە، رۆژی شەهیدانی کوردستان، کە لە لایەن کاك ئازاد نادرییەوە ئامادە کرابوو.

## حوکمی دوو ساڵ زیندان بە سەر هاووڵاتییەکی سەقزیدا سەپا

بەگوێرەی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، هاووڵاتییەکی سەقزی بە ناوی «بێهرووز نەسروڵڵاهی»، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبێکی دژبەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە لایەن دادگای شۆڕشی ئەو شارەوە حوکمی دوو ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

بەپێی سەرچاوەکە، بێهرووز پاش بڕیاری دادگا ناڕەزایەتیی خۆی لەهەمبەر حوکمەکەی دەربڕیوە و بەم هۆیەوە پەروەندەکەی بۆ دادگای پێداچوونەوە نێردراوە.

بێهرووز نەسروڵڵاهی، ساڵی رابردوو لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە لە شاری سەقز دەسبەسەر و پاش ماوەیەك بە دانانی بارمتە لە بەندیخانە ئازاد کرا.

## حوکمی زیندان بە سەر هاووڵاتییەکی کورددا سەپا

بەگوێرەی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، هاووڵاتییەکی بۆکانی بە ناوی «جەعفەر ئازەرنووش»، بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبێکی دژبەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە لایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامیی مەهابادەوە حوکمی ٨ مانگ زیندانی بە سەردا سەپا.

ناوبراو ساڵی رابردوو لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیم لە بۆکان دەسبەسەر و بە دانانی بارمتە ئازاد کرابوو. جەعفەر ئازەرنووش، ئێستا ماوەی حوکمەکەی لە بەندیخانەی ناوەندیی مەهاباد تێپەڕ دەکات.

## کۆچی دوایی باوکی دوو شەهیدی ریگای رزگاریی کوردستان

شەوی ٩ لەسەر ١٠ی خاکەلێوە، باوکی دوو شەهیدی ڕێگای رزگاریی کوردستان و کەسایەتیی خۆشەویستی شاری بۆکان، «سەید فەتاح سەیدئەحمەدی» لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. سەید فەتاح، باوکی دوو شەهید بە ناوەکانی سەید تاهیر و سەید ئەسعەد و هەروەها خاوەن کەسایەتییەکی بەرزی کۆمەڵایەتی و جێگای متمانەی خەڵك بوو.

بەم بۆنەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریك و بەشداری خەمیان دەزانێت.

## کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی پێشووی PDKI

رێکەوتی ٤ی خاکەلێوە، پێشمەرگەی پێشووی PDKI و کەسایەتیی ناسراوی شاری مەهاباد، «جەعفەر گوشتاسبی»، لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

جەعفەر گوشتاسبی ناسراو بە «شینە یەکدەست» لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، لە کاتێکدا کە تەنیا ١٦ ساڵ تەمەنی بوو، هاتە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە هێزی پێشەوا سازمان درا.

کاك جەعفەر بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی زیاتر لە ٧ ساڵ خزمەت بە گەلەکەی بکات و لە ساڵی ١٣٦٤ گەڕایەوە مەهاباد، بەڵام هیچ کات خۆی بە دابڕاو لە حیزب دێموکراتی کوردستان و ئامانجەکانی، نەدەزانی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەم بۆنەوە پرسە و سەرەخۆشیی خۆی، ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری کاك جەعفەر گوشتاسبی دەکات و خۆی بە بەشداری خەمیان دەزانێت.

## راپۆرتی ئاهەنگەکانی نەورۆز لە کوردستان



بەپێی راپۆرتی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، سەرەڕای ئاستەنگ و تەنگ و چەڵەمەی هێز و دەستوپێوەندییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران، جێژنی نەورۆز لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا بەڕێوە چوو. هەواڵەکانی ژمارەیەك لەو شارانە کە ئاهەنگی جێژنی نەورۆزیان تێیدا بەڕێوە چووە، بریتین لە:

**مەهاباد:** لە دەڤەری شاماتی سەر بە ناوچەی مەهاباد و لە گوندی «دێ مەنسوور» سەرەڕای ئامادەکاریی تەواوی خەڵك بۆ بەڕێوەبردنی جێژنی نەورۆز، لە لایەن ئیدارەی ئیتیلاعات و بەرپرسی پاسگای موکریانەوە پێشیان لێ گیرا و هەڕەشەی دەسبەسەرکردنیان لە خەڵك لە ئەگەری بەڕێوەبردنی ئاهەنگی نەورۆزدا کرد.

لاوان و خەڵکی گوندی «حاجی حەسەن»ی شامات گوێیان نەدایە هەڕەشە و گوشارەکانی رێژیم و بە کردنەوەی ئاگرێکی گەورە و شایی و هەڵپەڕکێ، جێژنی نەتەوەیی کوردیان بەرز و پیرۆز راگرت. لاوان لە گوندی حاج حەسەن و لەسەر بەرزاییەکانی ئەو گوندە ئاڵایەکی گەورەی کوردستانیان هەڵ کردبوو کە بووە هۆی خوشحاڵیی خەڵکی ناوچەکە.

**بۆکان:** بە بۆنەی هاتنەوەی ساڵی نوێی کوردی بڕیار بوو لە «مەیدانی لالەی میراوا» و «چوارڕێیانی لەندەن»ی شاری بۆکان ئاهەنگی جێژنی نەورۆز بە بەشداریی خەڵکی ئەو شارە بەڕێوە بچێت، بەڵام بە هۆی زەخت و گوشاری هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران، پێش بەو ڕێوڕەسمانە گیرا. بەڵام خەڵکی بۆکان لە بەر دەرکی ماڵەکانیان و لە نێو کۆڵانەکاندا ئەو چێژنە نەتەوەییەیان بە شادی و هەڵپەڕکێ، بەرز و پیرۆز راگرت.

لە گوندەکانی دەوروبەری شاری بۆکان وەك «کەریزەی میراوا، کانی تۆمار و سەرای سەقز» ڕێوڕەسمی تایبەت بە نەورۆز بە بەشداریی کوڕ و کیژ و لاو و ژن و پیاوان، بە رەشبەڵەك و هەڵپەڕکێی تایبەت بەڕێوە چووە.

لە گوندی «قاراوای گەورە» بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر لە گوندەکانی دوروبەر و خەڵکی شاری بۆکان و هەروەها خەڵکی شارەکانی سەقز، بانە، سەردەشت، رەبەت، مەهاباد و دیواندەرە رێز لە نەورۆز، جێژنی نەتەوەیی کورد گیراوە.

لە ئێوارەی ٢٩ی رەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی، ئاگرێکی گەورە لە لایەن لاوانەوە هەڵکرابوو کە تێیدا لە لایەن شاعیران و رووناکبیران و گۆرانیبێژانەوە کۆمەڵێك شیعر، وتار و گۆرانی پێشکەش کران.

**پیرانشار:** خەڵکی شاری پیرانشار بە شێوەیەکی زۆر مەدەنییانە چوونە سەر شەقامەکانی شار و بە گوتنەوەی دروشمی «نەورۆز جێژنی خۆمانە، قەت نایدەین بە بێگانە» و هەروەها دروشمی «بژی کورد و کوردستان»، ناڕەزایەتیی خۆیان لە هەمبەر سیاسەتەکانی رێژیم، دەربڕی. ئەم خۆپیشاندانەی خەڵك بوو بە هۆی ئەوە کە رێژیمی ئیسلامی بە گاردی تایبەتی بەرەوڕووی کردەوەی مەدەنییانەی خەڵك ببێتەوە.

لە گوندەکانی گردرەحمەت، بادیناوێ، نەمەنجێ، گردیم خانە، گەزگەسك، چیانە، زێوە، کۆنەلاجان، جەڕان، گردئاشەوان، رکاوێ، کاسەکەران، گەپڵەسەن، بەردەقەل، بندرێ، شنۆزەنگ، باستامبەگ، شەختان، هەنگەوێ، خرێ ئاغەڵان، ترکەش، کەوپەڕ، قەبری حسێن، گەزگەسکی مەنگوران، کانی شینکە، ئاوخواردە، قەرەخدر، میشەدێ و گەنەدار ئاگری نەورۆز کراوەتەوە.

هەروەها لە ناوچەی زانکۆی پەیام نووری پیرانشار، سەرەڕای زەخت و گوشاری هێزەکانی رێژیم، حەشیمەتێکی نزیك بە ٣٠ هەزار لەو شوێنەدا کۆبوونەوە و ئاهەنگی جێژنی نەورۆزیان گێڕا.

دواتر لە شەوی ٢٩ی رەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاویدا، کوڕان و کچانی پیرانشار هاتنە نێو شەقامەکان و بە لێدانی بۆقی ماشێنەکانیان و هەڵکردنی ئاگر و هەڵپەڕکێ پاشەکشەیان بە هێزەکانی رێژیم کرد کە تا درەنگانی شەو ئەو شادییە درێژەی کێشا.

**مەریوان:** ئاهەنگی نەورۆز سەرەڕای گوشار و ئامادەباشی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم و هەوڵەکانی رێژیم بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە لە نێو شاردا، بە شکۆیەکی بێ وێنەوە بەڕێوە چوو.

ئاهەنگی جێژنی نەتەوەیی کورد لە گوندەکانی نێ، چۆر، نەنە، نژمار، بەرقەڵا، گومارەلەنگ، ماسیدەر، محەممەدە، گاگل، سەردۆش، ولەژێر، دەرزیان، نسڵ و گۆشخانی و گوندەکانی ناوچەکانی سەرشیو، ژاوەرۆ و دەوروبەری زرێبار و هەروەها لە بەری بەگزادە و قوللەی ئیمام، لە شاری مەریوان بەڕێوە چووە.

هەروەها شەڕ و تێکهەڵچوون لە نێوان هێزەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران و خەڵك لە فەلەکەی «ستادیۆم» و فەلەکەی «نەورۆز»ی شاری مەریوان هاتۆتە ئاوارە.

هێزە ئینتیزامییەکانی رێژیمی ئێران لە گەڕەکەکانی چوارباخ، فەرمانداریی قەدیم، دارسەیرانی قەدیم، دینار فرۆشەکان، تەکیە و نیوەی باکووری شاری مەریوان ماڵ بە ماڵی هاووڵاتییانیان پشکنیوە.

رێژیم لە شاری مەریوان بە مەبەستی پێشگیری لە بەڕێوەچوونی ئاهەنگی جێژنی نەورۆز هەزاران کەس لە هێزەکانی خۆی مۆڵ دابوو و بۆ کونترۆڵی بارودۆخەکە لە دەستوپێوەندییەکانی و تەنانەت ئەرتەشیش کەڵکی وەرگرتبوو.

لەلایەکی دیکەوە رێژیمی ئیسلامیی ئێران دەستوپێوەندییەکانی خۆی بە جلوبەرگی کوردییەوە لە نێو شەقام و کۆڵانەکانی شاری مەریواندا بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵك گەڕاندووە.

لە سەروبەندی جێژنی نەورۆز لە شاری مەریوان زۆربەی رێگا سەرەکییەکانی شار وەکوو دەروازەی سێڕای نێ داخرابوون و هەروەها هێزەکانی رێژیم بە مانۆڕ و تەیار بوون بە چەکی سارد و گەرم، هەوڵی بڵاوەپێکردنی خەڵکیان دابوو.

**سەردەشت:** هێزەکانی رێژیم ئەمساڵ بە دروستکردنی بەربەست و نانەوەی کێشە و ئاڵۆزی، هەوڵی بەڕێوەنەچوونی ئاهەنگی نەورۆزیان لە ناوچەی سەردەشت داوە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو گرفتانە، خەڵکی کوردستان لە ناوچەی رەبەت و ئاواییەکانی «سیسێر»، «بێژوێ» و «بێوران» بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز بەرەو پیری ساڵی ٢٧١٢ی کوردی چوون.

**نەوسوود:** لاوانی شاری نەوسوود لە ئێوارەی رۆژی دووشەممە، ٢٩ی رەشەمە، ئاگری نەورۆزیان لە مەیدانی د.قاسملوو کردەوە و بە جێژن و شایی و هەڵپەڕکێ بەرەو پیری ساڵی نوێی کوردییەوە چوون.

هەروەها لە گوندی «نەروی»ی سەر بە شاری نەوسوود، لاوانی ئەم گوندە بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز، بە کۆبوونەوە لە دەوری یەك، کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەی جۆراجۆری کایەی ئاگرین، بڵاوکردنەوەی شیرینی و وتنی گۆرانی شۆڕشگێرانە، پێشوازییان لە هاتنی ساڵی ٢٧١٢ی کوردی کرد.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی رۆژی شەهیدانی کوردستان



بەڕێز رۆستەم جەهانگیری، ئەندامی دەفتەری سیاسی لە کاتی پێشکەشکردنی پەیامەکەدا

ئەمڕۆ، ١٠ی خاکەلێوە، لێرە کۆ بووینەتەوە تا رێز لە رۆژی شەهیدانی کوردستان بگرین و یادی کەسایەتیی هەڵکەوتوو و مێژوویی نەتەوەکەمان بکەینەوە. یادی رۆڵ و نەقشی ئەو رێبەرە بێوێنەیەی مێژووی هاوچەرخی کورد بۆ هەتاهەتایە وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە ئاسمانی پڕهیوای کوردستاندا هەر دەم دیار و گەشاوە دەبێ.

قازی محەممەد رۆڵەی هەڵکەوتووی کورد بە هەڵکردنی بڵێسەی ئاگری خەبات، مێژوویەکی دارشت کە دوای زیاتر لە شەش دەیە خەبات هێشتا رێنوێن و چرای خەباتی شۆڕش و بەرخۆدانی بزوتنەوەیەکی مافویست و حەقداری گەلە بەشخوراوەکەیەتی. ئێستا بیری نەتەوەخوازی و مافپەروەری ئێلهام لە وتە و بیرۆکەکانی و کەسایەتی و هەڵسوکەوتی ئەو رێبەرە وەردەگرن. یانی دەتوانین بە شانازییەوە بڵێین قوتابخانەی پێشەوای کورد وەجاغ کوێر نیە و حیزبەکەی قازی محەممەد لە ساڵیادی ٦٥ ساڵەی شەهیدکرانی، کوورەی خەباتی سیاسی و مەدەنی هەروا گەرموگوڕ راگرتووە.

سەردەمی خەباتی گەلی کورد لەو ساتە وەختەدا بەرەبەری رزگاریی گەلانی بندەست و رزگاری لە چنگ فاشیزم و کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو. بۆیە وردبینیی ئەو رێبەرە زیرەك و وشیارە پاش لێکدانەوەی ورد لەو هەلومەرجە کەڵك وەردەگرێ و بە هۆی ئەو نفووزە کۆمەڵایەتی و سیاسی و خۆشەویستییەی کە لە نێو خەڵکدا هەیبووە، حیزبێکی سیاسی و مۆدێرن پێك دێنێ و لە ماوەیەکی یەکجار زۆر کەمدا ناوچەی موکریان دەکا بە لانکەی شۆڕش و بەرخۆدان دژی رێژیمی شۆڤینیست پەروەری پەهلەوی. ئەو حەرەکەتە نەتەوەییەی رێبەری کاریزمای کورد زەندەقی حاکمانی دیکتاتۆری تارانی برد و کۆشکی دیکتاتۆرییەتی هەژاند و ئەوانیان لە خەوی غەفڵەت وشیار کردەوە کە گەلی کورد هەروا زیندوو و لە سەر پێ و حەقخوازە و تەسلیم بوون قەبوڵ ناکا و تا گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی کە رزگاریی نەتەوەیی و رزگاریی ئاو و خاکەکەیەتی دەست لە خەبات هەڵناگرێ و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش ئامادەیە نرخەکەی بدات و باشترین رۆڵەکانی خۆی پێشکەش بەم بارەگایە بکات. هەر لەو ساتەوە بناغەی فەرهەنگی بەرخۆدان و شوناسی نەتەوەیی دانرا و ئەو چەمکانە تا ئەم کاتەش وەك چرای رێگای رۆڵەکانی کورد تەنگی بە زۆرداران هەڵچنیوە و نەیهێشتووە سەرینی خاترجەمی لە ژێر سەریان بنێن.

رێژیمی کۆنەپەرەستی بنەماڵەی پەهلەوی لە ساڵی ١٣٢٤ تا ساڵی ١٣٥٧ کە کۆتایی بە رێژیمە نۆکەرسفەتەکەی هات هەمیشە ترسی لە کورد و پرسە رەواکەی بووە و هەردەم لە بیری پلان و تەرحی قرێژدا بوون.

کاتێك لە ساڵی ١٣٢٥ ئیتر پێشەوا بەو قەناعەتە گەیشت کە ناتوانێ پێش بە هێرشی داگیرکەران و هاوپەیمانە مەنفەعەت تەڵەبەکانی بگرێ تێکۆشانێکی زۆری کرد بەڵکوو بتوانێ پێش رەشەکوژیی خەڵك بگرێ لەگەڵ ئەوەشدا کە رێژیم بەڵێنی پاراستنی گیانی پێدا بوو بەڵام بۆ خۆی لەو قەناعەتەدا نەبوو و دەیزانی کە دوژمن لەو گوزەشت ناکا و تەنانەت ئەوەشی دەزانی کە دەگیرێ و رەنگە لە دادگایەکی فەرمایشیدا مەحکووم بکرێ و تەنانەت گیانیشی بەخت بکا. بەڵام دیسان بۆ پارێزگاری لە خاك و خەڵکەکەی و بۆ وەفاداری بەو سوێندەی کە لە رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستاندا بە ئامادەبوونی هەزاران کەس خواردبووی، کە تا ئاخر ساتەکانی ژیانی، خەڵکی کورد بە تەنیا جێ ناهێڵێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە پێشنیاری زۆریان پێکرد کە گیانی خۆی رزگار بکات بەڵام ئەو هەموو پێشنیارەکانی رەد کردەوە و لە مەهاباد مایەوە و هەموو مەسئولییەتەکانی گرتە ئەستۆی خۆی تا بەو شێوەیە پێش بە ماشینی کوشتاری رێژیمی پەهلەوی بگرێ و گیانی فیدای خەڵکەکەی کرد و بەڵێن و سۆزی خۆی بەجێ گەیاند.

دوژمن لە دادگایەکی فەرمایشیدا پێشەوا و دوو هاورێی بەوەفای، شەهیدان ئەبولقاسمی سەدری قازی و محەممەد حسێن سەیفی قازی بە ئیعدام مەحکووم کرد و لە رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ لە چوارچرای شاری مەهاباد هەر لەو شوێنەی کە لە لایەن پێشەواوە کۆماری کوردستان راگەیێندرا و سوێندی وەفاداری بە ئاو و خاك و خەڵکی خوارد بە دەستی تاریکپەرەستان لە سێدارە دران و شەهید کران و بەڵێنی خۆی بە جێ گەیاند و خۆیان کردە سپەری بەڵای گەلەکەیان. دیارە ئەو رەوەندە لە ئێعدام بنەماڵەی فەیزوڵڵابەگیشی گرتەوە و کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی ئەو بنەماڵە سەربەرزە کە نەقش و رۆڵێکی بەرچاویان لە بەرێوەبەریی کاروباری کۆماردا هەبووە لە سێدارە دران، هەر بۆیە بە پێویستی دەزانم یادیان بەرز راگرین و یادی ئەوان هەردەم لە بیری ئێمەی رێبوارانی رێگاکەیان زیندووە.

بۆیە حیزبی پێشەوا وەك حیزبێکی پێشڕەو و شۆڕشگێڕ و خەباتکار لە ریزی پێشەوەی خەباتی نەتەوەییدایە، پەند و ئەندەرزەکانی سەرۆك کۆماری خۆیان کردۆتە ئاوێنەی خەبات، لەو کاتەوە تا ئێستا کۆڵیان نەداوە و لێبڕاوانە لە خەبات بەردەوامن و بە پشتیوانیی هێزی لەبڕانەهاتووی گەل رێبازی پێشەوا و هەموو شەهیدانی کوردستانیان درێژە دا و رێژیمی قاتڵی پێشەوایان لە گۆڕ نا، هەر چەند بە لە گۆڕنانی ئەو رێژیمەش گەلەکەی بە ویستە رەواکانیان نەگەیشتن بەڵام لەگەڵ جێگرەوەی رێژیمی پەهلەویش کە کۆماری جەهلی ویلایەتی فەقیهی ئیسلامییە، خەباتیان درێژە پێداوە و هەزاران رۆڵەی کورد گیانی خۆیان بەختی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەیان کردووە، لە ناو ئەو رۆڵە فیداکارانە و ئەو شەهیدانەشدا دەیان رێبەر و سەرکردەی حیزبەکەی پێشەوا وەکوو دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور محەممەد سادق شەرەفکەندی هەن کە لەو رێبازەدا گیانی خۆیان فیدای ئارمانجەکانی گەل کردووە. بۆیە کە چاو لە دیرۆکی خەباتی پڕسەروەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین زۆر بە جوانی روون دەبێتەوە قوتابییانی رێباز و مەکتەبی پێشەوای رێبەر و سەرکردەی سەدەی بیستی گەلەکەمان بە باشی هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکەن و ئەرکە نەتەوەییەکانیان بە جوانی بەڕێوە دەبەن، بە چەشنێك کە ئیتر دروشمی دێموکراسی و ئازادیخوازی بۆتە دروشمی تاك تاکی خەڵکی ئێران و دروشمی ئازادیی گەلان و خواستی نەتەوەیی بۆتە خواستێکی رەوا کە جاران نەك بە نارەوا سەیر دەکرا بەڵکوو بە چاوێکی خائینانە و خیانەت بە وڵات سەیریان دەکردی. بەڵام بە رێنوێنی و نەسیحەتی سەرۆك کۆماری شەهید و لێزانی حیزبەکەی ئەو رێبەرە هەموو ئەو داخوازییانە ئەمڕۆ بوونەتە خواستی رەوا بۆ هەموو گەلانی ناوچە و بە تایبەتی بۆ گەلانی ئێران، ئەگەر هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت کە مێژوو ناگەڕێتەوە بۆ دواوە بەڵکوو بەرەو پێش دەڕوا، زۆر ناخایەنێت کە هەموو ئەو ویستە حەقخوازانە بە شێوەی رەسمی دەبن بە یاسا، زوڵم و زۆرداری لە ناوچەکەدا و بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە کوردستان بە سەریاندا دابەش کراوە کۆتایی دێت و ئامانجەکانی ئەو هەموو شەهیدە سەربەرزانە بەتایبەت شەهید و سەمبولی نەتەوەیی گەلی کورد، پێشەوا قازی محەممەد بە ئاکام دەگات و ئەو جار رێبوارانی ئەوان دەچنە سەر گڵکۆیان و تاجەگوڵینەی سەربەرزی و سەرکەوتن دادەنێن.

> **قازی محەممەد رۆڵەی هەڵکەوتووی کورد بە هەڵکردنی بڵێسەی ئاگری خەبات، مێژوویەکی دارشت کە دوای زیاتر لە شەش دەیە خەبات هێشتا رێنوێن و چرای خەباتی شۆڕش و بەرخۆدانی بزوتنەوەیەکی مافویست و حەقداری گەلە بەشخوراوەکەیەتی. ئێستا بیری نەتەوەخوازی و مافپەروەری ئێلهام لە وتە و بیرۆکەکانی و کەسایەتی و هەڵسوکەوتی ئەو رێبەرە وەردەگرن**

خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!

رێژیمی کۆماری ئیسلامی، دوژمنی ئازادی و مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژووی خۆی بەو رادەیە تەریك و لە ئینزوا نەبووە، فشارە نێودەوڵەتییەکان لەمەڕ پرۆژە ئەتۆمییەکەی چڕ بۆتەوە کە خەریکی ساختنی بۆمبی ئەتۆمییە تا بەو شێوەیە دونیای پێ بترسێنێ و خۆی بپارێزێ. هەروەها فشاری دونیای دەرەوە لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی یاسا و رێساکانی جیهانی و پشتیوانی لە تیرۆر، تەنگی بەو رێژیمە هەڵچنیوە و لە نێوخۆشیدا بە تەواوی پایگای سیاسی و کۆمەڵایەتی داتەپیوە و نفووزی جەماوەری خۆی لە دەست داوە تەنانەت هەڵبژاردنە فەرمایشی و تەشریفاتییەکانیش ناتوانێ پێش بە بیرتیژیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و بە تایبەتی گەلانی بەشخوراو بگرێ و بە تەواوی پشتیان لە رێژیم کردووە، تەنیا چاوەروانی ئەو رۆژە دەکەن کە لە کات و ساتی خۆیدا تاج و تەختی ئەو رێژیمەش وەکوو رێژیمی پاشایەتی تێکەوە پێچن و فرێی بدەنە زبڵدانی مێژوو. بۆ گەیشتن بەو مەبەستەش یەکپارچەیی گەلانی ئێران رۆڵی سەرەکی دەگێرێ لە ئێرانی داهاتوودا، چوونکە ئەگەر گەلانی ئێران یەکگرتوو بن، دەتوانن سیستمی سیاسیی داهاتوو لە ئێراندا ئاڵوگۆڕی قووڵ و چارەنووسسازی تێدا پێك بێنن و ئیتر کۆیلەتی و بندەستی بۆ هەتا هەتایە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە و رزگاری و بەختەوەری بە دەست بێنن. هەر بۆیە ئێمە بە گەشبینییەوە لە داهاتووی ئێران دەڕوانین، ئەگەر چاو لە کورد بەگشتی بکەین، باشووری کوردستان سەرکەوتنێکی بەرچاوی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە و بۆ تەسبیتکردنی ئەو دەستکەوتانە لە هەوڵ و تێکۆشانی بەرچاودان. کورد لە عێراقدا لە زۆر قۆناغ رۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینێ هەر چەند لەگەڵ حکوومەتی ناوەند تووشی کێشە و گیروگرفتی زۆر دەبن، بەڵام لە هەر حاڵێکدا مەسەلەکە بۆ دواوە ناگەڕێتەوە.

لە رۆژئاوای کوردستان بە هۆی ئەوەی گلۆڵەی بەختی دیکتاتورییەتی بنەماڵەی ئەسەد کەوتووە، مەسەلەی کورد لە بەرەوپێشچووندایە و چاوەڕوان دەکرێ دوای رووخانی ئەو رێژیمە بۆ گەلەکەمان لەو بەشە دەستکەوتی بەرچاو وەدی بێت.

لە باکووری کوردستان پاش چەندین ساڵ خەباتی سیاسی و چەکداری ئیتر مەسەلەی کورد لە رۆژەڤی سیاسەتی دەوڵەتمەردانی تورکدایە. حەرەکەتی بەرچاوی پیرۆزکردنی سەری ساڵی تازەی کوردی لە لایەن لایەنە سیاسییەکانی کوردەوە، هێندەی دیکە مەسەلەکەی بردە پێش، ئەگەر هیچ شتەکی لە ناکاو و کتوپڕ و ناوچەیی نەیەتە پێش و باڵی چەکداری ئەو بزووتنەوەیەش هێندێك پێداچوونەوە بە هەڵوێستی خۆیاندا بکەن تەخمینی ئەوە لێ دەدرێ کە ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی تورکیەدا بێتە پێش و لەگەڵ لایەنی سیاسی و قانوونی نێوخۆی بکەوێتە دیالۆگ و بەو شێوەیە پرسی کورد بەرەو چارەسەرییەکی مومکین ببەن.

سڵاو لە شەهیدانی کوردستان

سڵاو لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانی کوردستان

سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوای شەهید و هاورێیانی

سڵاو لە گەلی قارەمانی کورد، پشتیوانی هەردەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سڵاو لە هیزی پێشمەرگە، خەباتکاری گەلی کورد

١٠ی خاکەلێوەی ١٣٩١ ی هەتاوی

# مستەفا هیجری خوازیاری ناوچەی دژەفڕینە بۆ کوردستانی ئێران
# شۆڕشێک لە بنەڕەتەوە

■ نووسین: Gary Kent
■ وەرگێڕان: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ئایا ئێمە پاژێکی چارەنووسسازمان لە پرسی چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران لێ ون بووە؟ پرسەکە لە نێوان لایەنگران و دژبەرانی بۆمباران و ئەوانەی کە پێیان وایە کە بەرگری لە ئێرانێکی ناوکی لواوە یان نەلواوە، لەگۆڕێدایە. هێشتا ئێمە بە شێوەیەکی بەردەوام توانایی تێگەیشتنمان لە بارودۆخ و هێزی هێزەکیی خەڵکی ئێران لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا نیە.

لەم دواییانەدا چاوم بە مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەوت. ئەو پاش ڕووخانی شا بۆ نوێنەرایەتی لە مەجلیس هەڵبژێردرا، بەڵام دوابەدوای ئەوە ناچار بە چوونە تاراوگە لە کوردستانی عێراق بوو.

هیجری لەسەر ئەوە پێداگرە کە ڕێفورم لە ڕێژیمدا نەلواوە. هەڵبژاردنی دواجار ئەمەی سەلماند. ڕێژیم بۆ بانگەشەکردن بۆ ڕەوایی جەماوەری لە هەڵبژاردنەکان کەڵك وەردەگرێ. هەر چۆنێك بێ، لەوکاتەوە کە هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا نە ئازاد و نە دادپەروەرانەن، بە دڵنیاییەوە ئەوە نموونەیەکە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ڕێژیمی هەنووکە خاوەنی پشتیوانی لە بانگەشەکەی نیە. ئەگەر ئەو ڕێژیمە ئیسلامییە پشتیوانیی زۆرینەی لەگەڵ بوایە، ئەوا بە هەڵبژاردنی ئازادانە و دادپەروەرانە ئیزن دەدرا.

بزووتنەوەی سەوز، پێڕەوانی بۆ هەوڵدان لە پێناو گەڕانەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕێڕەوەکە هان دەدا، تا ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنێکی بنەڕەتی بێ بۆی. مستەفا هیجری لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ئەمە بووەتە هۆی بێتوانایی ئەو بزووتنەوەیە لە وەجموجوڵخستنی زۆربەی خەڵك و ڕاگرتنی خۆیان. نموونەکەی ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری ئێرانییەکان لە ڕێژیم بێزارن و خوازیاری گۆڕانکاری لە هەموو شتەیەکدان. گومانم ئەوەیە کە ئێمە ئەو کارە دەکەین، بە جۆرێك کە پاش خولڤاندنی گوشار و پروپاگاندای بەردەوام، خەڵکی ئێران دەبنە خەڵکێکی سەرفراز و بە قووڵی لایەنگری ڕۆژئاوا و لە ڕێگەی پێوەندیگرتن لەگەڵ جیهانی دەرەوە،



خولیای قەرەبووکردنەوەی کاتە لەدەستچووەکان دەبن.

هیجری هەروەها پێی وایە کە ڕێژیم درزی تێکەوتووە. ئەوە تیۆکراسییەکی فیرقەییە کە نوێنەرایەتیی زۆرینەی خەڵك ناکات. هیجری پێی وتم کە حیزبەکەی لەگەڵ ئەو دامەزراوانەدا کار دەکات کە نوێنەرایەتیی عەرەبەکان، بەلووچەکان، ئازەرییەکان و تورکەکانی ئێران دەکەن. لە ٢٠٠٥دا، ئەوان ، بەمەبەستی هاودەنگی لە پێناو پرسی پێوەندیدار بە دامەزراندنی ئێرانی دێموکراتیك، سێکولار و فێدراڵ لە داهاتوودا، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵیان دامەزراند. ئەوان هەوڵەکانیشیان لە پێناو نزیکبوونەوە لەگەڵ فارسەکان زیاد کردووە و لەم بوارەشدا لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەنگاوی گرینگیان ناوە.

تەرکیزی ڕۆژئاوا لەسەر چەکوچۆڵی ناوکی جێی تێگەیشتنە. نیگەرانیگەلێکی جیددی هەیە کە ئەو ڕێژیمە تیۆکراتیکە گرینگی بە پێویستییە عەقڵانییەکانی تێگەیشتن لەوەی کە لە ئاکامی وەها شەڕێکدا، هەر دوو لایەن لەنێو دەچن، نەدات و نابێت هەڕەشەیان لە ئیسرائیل بە ئاسانی پشتگوێ بخرێ. زیاتر لەوە، ئێرانێکی ناوکی ریسکە بۆ وەڕێخستنی ڕکەبەریی سەربازی کە دەکرێ لە عەرەبستانی سعوودی، تورکیە و میسردا ببینرێ کە ڕێگەی ناوکییان گرتووەتە بەر. هەر بەو شێوە، هیچ نەبێ نیگەرانی لەو سیناریۆیە هەیە کە ڕێژیمێکی تەیار بە چەکی ناوکی لە تاران کە بەدوای هێژمۆنیی ناوچەییەوەیە، زیاتر سەرکێش بێت و پشتیوانییەکەی لە تیرۆریزمی نێونەتەوەیی زیاتر بکات و ببێتە هۆی ناسەقامگیریی پتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لەرزۆکدا.

پێداگری لەسەر چەکوچۆڵی ناوکی بەبێ سەرنجدان بە تاوانەکانی ڕێژیم لە بواری مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنانەوە، هەر لەو کاتەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئێرانییەکان وا بیر بکەنەوە کە ئێمە گرینگییان پێ نادەین.

تا ئێستا لە کۆتاییدا باشترین ڕێگەی دەربازبوون لەو ڕێژیمە خراپە لە ئێراندا، لە ڕێگەی دەسەڵاتی خەڵکەوەیە. پرسیاری دواتر ئەوەیە کە چۆن ئەم کارە بکرێ.

کوردە ئێرانییەکان لە دەوڵەتەکەی ئێمە و لایەنەکانی دیکە جەخت دەکەنەوە کە پشتیوانیی قایم و سیاسیی خۆیان لە بزووتنەوەی دێموکراتیکی ئێرانییەکان دەربڕن. ئەو هیوایە هەیە کە وەها کارێك ئەو ڕێژیمە هەنووکە لاوازە تا لێواری ڕووخان ببات. بەڵام، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، هیجری ئەگەری پێویستی بە یارمەتیی ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەبەرچاو ون ناکات. ئەو پێی وایە، لە ئەگەری ڕوودانی ڕاپەڕینی جەماوەریدا، دروستکردنی پەناگایەکی پارێزراو و ناوچەیەکی دژەفڕین لە کوردستانی ئێران لانیکەم دەتوانێ یارمەتیدەریان بێ بۆ ڕێکخستنی هێزەکانیان بەمەبەستی دارماندن (ڕێژیم) و ڕۆنانی ئێرانێکی دێموکراتیك و فێدراڵی نوێ. ئەو وەبیری دێنێتەوە کە وەها مۆدێلێك بە شێوەیەکی سەرکەوتوو کوردەکانی عێراقی لە ژێنۆساید پاراستووە و ئەو توانایییەی پێ بەخشیون کە دامەزراوەیەکی ناوچەیی پلۆرالیست و سەرکەوتوو لە عێراق دامەزرێنن.

لە ١٩٨٠کان و ١٩٩٠ەکاندا، کوردەکان لە ئێراندا خەباتێکی چەکدارییان بە پشتیوانییەکی بەهێزی جەماوەری بەڵام بە پشتیوانیی کەمی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی وەڕێخست. ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی دڕندانە ئەم سەرهەڵدانە جەماوەرییەی سەرکوت کرد، دەیان هەزار لە خەڵکی سڤیل و دە هەزار خەباتگێڕی کوردی کوشت و دوو کەس لە ڕێبەرانی پێشووی «ڕێبەرانی پێشووی حیزبی دێموکرات» بەڕێز هیجری لە خاکی ئورووپادا تیرۆر کرد.

ئێمە دەبێ زۆر بە وشیارییەوە گوێ بۆ دەنگگەلێك وەك مستەفا هیجری ڕابگرین. لە کۆتاییدا، شۆڕشێك لە بنەڕەتڕا باشترین بەربژارە. ئێمە دەبێ ئێستا لەگەڵ دۆستەکانمان کار بکەین.

سەرچاوە: progressonline.org.uk

# شەهید کێیە؟

■ فاتێح ساڵحی

وشەی شەهید، وشەیەکی عەرەبییە کە لە پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام بەم چەشنە واتای گرتووەتە خۆی. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە پێش لە سەرهەڵدانی ئیسلام وشەی شەهید بوونی نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانە خودی وشەی شەهید لە زمانی یوونانییەوە وەرگیراوە و بە مانای ئەو کەسانە هاتووە کە ئامادەبوون کە لە پێناو ئازادیی گەل و ئاو و خاك و نیشتمانەکەیان گیانی شیرینی خۆیان خۆبەخشانە و دڵخوازانە بەخت بکەن. بە تایبەتی بەو جەنگاوەرانە دەگوترا کە بێباکانە و گیان لەسەردەست ئامادەی گیانفیدایی لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانیان بوون.

ئێستا زۆربەی خەڵك پێیان وایە کە ئەم وشەیە بە واتای مردن لە ڕێگەی خودادایە، بەڵام ئەوەی کە ڕاستییە ئەمەیە کە ئەم وشە بە واتای مردن نیە و مانا سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئامادە و شاهید و شایەتبوون.

هەرچەند ئەرکی ئەم نووسینە باسکردنی مانای وشەی شەهید نیە بەڵکوو بۆ بەرچاوڕوونی خوێنەرانی خۆشەویست پێویست بوو ئاماژەیەکی سەرەتایی بە خودی وشەی شەهید بکرێت. بەڵام بە ڕاستی شەهید کێیە؟ کە ناوی لە لای ئێمە چ وەك کورد و چ وەك خەباتکاری ڕێگەی ڕزگاری و ئازادیی ئاو و خاك و نیشتمانەکەمان ئەوەندە پیرۆز و خۆشەویستە.




شەهید مرۆڤێکی واڵا و ئارمانجخوازە کە بەهای بیروبڕوا و ئارمانجەکەی لە سەرووی هەموو بەهاکانە. ئاسایش و خزمەت بە مرۆڤەکان لە ئاسایشی خۆی بە گرینگتر دەزانێ. خەمخۆر و پەرۆشی مرۆڤەکانە و بۆ پاراستنی بەها مرۆییەکان گیان لە سەر دەست و ئامادەی گیانفیداییە. ئەو لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەبێتە هاودەرد، لە شادی مرۆڤەکان شادمان دەبێ و لەگەڵ خەمەکانیاندا خەم و پەژارە دایدەگرێ. ئەو ئەوەندە هۆگری بیروبڕوا و ئارمانجە پیرۆزەکانیەتی کە قازانجەکانی خۆی لەگەڵ ژیان و سروەت و سامانی بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی گەل و نیشتمانەکەی بە ئاسانی فیدا دەکات.

کەوایە شەهید مرۆڤێکی ڕەها و ئازادیخواز، ناخبین و قارەمانە کە دونیا و هەموو ئەو شتانەی کە لە دونیادا هەیە بۆ ئەو بایەخ و قۆربێکی نیە و بە ئاسانی لێیان دەگوزەرێ و دەگەڕێتەوە بۆ حەقیقەتی مرۆڤایەتی کە خزمەتکردن بە هاوچەشن و مرۆڤدۆستییە. شەهید نامرێ و شاهیدی هەموو ئەو شتانەیە کە ساڵیانی ساڵ ململانێیان لە سەر کراوە و شایەتە بۆ هەموو ئارمانجخوازی و ئازادیخوازییەکانی مرۆڤەکان بۆ ڕەهابوون لە چنگی زوڵم و زۆر و دیکتاتۆری، ئەو هەڵقوڵاوی جیهانی نەمانە و لکاوە بە جیهانی هەتاهەتایی هەبوون.

شەهید مرۆڤێکی نموونەیە کە لە هەر زەمەن و لە هەر شوێنێکدا بە ئامادەبوونی خۆی نموونەیەکە بۆ ژیاندۆستی هەموو مرۆڤەکان. شەهید بە شەهیدبوونی خۆی ترس لە مەرگ دەڕەوێنێتەوە و کۆمەڵگا زیندوو دەکاتەوە و ناوی خۆی بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە باشی و زیندوویی تۆمار دەکات.

لە فەرهەنگی مرۆڤە ئازادیخوازەکاندا شەهیدبوون ئارمانج نیە و هەروەها مەرگێکیش نیە کە دوژمنان بە سەر مرۆڤە ئازادیخوازەکاندا دایسەپێنن، بەڵکوو شەهیدبوون مەرگێکی دڵخوازانەیە کە مرۆڤی ئازادیخواز و خەباتکار بە تێگەیشتن و ئاگایی و لۆژیك و شعوور و ڕابوون بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەربەرزی و گەیشتن بە ژیانێکی مرۆییانە هەڵیدەبژێرێ.

## ڕۆژەڤ

و: کەریم پەرویزی

### ئێران و بە لوبنانیکردنی سووریە

هەرچی زۆرتر و بەربڵاوتر بینەری دەستتێوەردان و تێوەگلانی کۆماری ئیسلامی لە شۆڕشی سووریە دەبین، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێشتر ڕێژیمی تاران بە شێوەیەکی نهێنیتر پشتیوانی لە بەشار ئەسەد دەکرد و چەك و ئامرازی پێویستی بۆ دەنارد.

تاریق ئەلحومەید، سەرنوسەری شەرق ئەلئەوسەت، لە بابەتێکدا کە لە ماڵپەڕی عەرەب نیوز، بڵاو بۆتەوە بەو شێوەیە باس لە دەستتێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا.

نووسەر لە درێژەدا دەڵێ کە ئەمرۆکە، تاران بڕیاری داوە کە بە شێوەیەکی سیاسی لە کێشەی سووریەوە تێوە بگلێ و هۆشداریی داوە بە کۆمەڵگای جیهانی و حکومەتەکانی ناوچە کە دەستتێوەردان لە نێوخۆی سووریە نەکەن و تەنانەت پێشنیاری یارمەتی بە ڕێژیمی سووریە داوە.

بۆچی ئێران وا دەکا؟

هۆکارەکەی زۆر ڕوونە: تاران دەیەوێ پەیامێکی گشتی بۆ تورکیە و کۆنفرانسی «دۆستانی سووریە» بەرێ بکا و هۆشدارییان پێ بدا کە هەنگاوی عەمەلی و کردەیی هەڵ نەگرن.

ئێران هەروەها دەیەوێ پەیامێکی هەڕەشە بنێرێ بۆ ڕێژیمەکانی خەلیج بەتایبەت عەرەبستان و قەتەر، کە بە شێوەیەکی فیزیکی یارمەتی شۆڕشگێڕانی سووریە نەدەن. هەروەها دەیەوێ نیشان بدا کە دەتوانێ بەشار ئەسەد بە قەناعەت بگەیەنێ، بەڵام ڕوون نیە قەناعەتهێنان بۆچی؟ بۆ دەست لە کارکێشانەوە یان شتی دیکە؟

نووسەر لە درێژەدا باس لەوە دەکا کە ڕێژیمی تاران بە هۆی چیەوە ئاوا بە ڕوونی هەڕەشە دەکا و بۆچی ئەوەندە جورئەتی پەیدا کردووە؟

هۆکارەکەی بە لای نووسەرەوە ڕوونە و دەڵێ کە ڕێژیمی ئێران بە چاوەدێریی دۆخی سووریە، بەو بڕوایە گەیشتووە کە سەرۆکی ئامریکا، باراك ئۆباما نایەوێ بە شێوەیەکی جیددی لە سووریە دەستتێوەردان بکا و ئێران لەو باوەڕەدایە کە ئۆباما دەیەوێت لە پشتی مەئموورییەتەکەی کوفی عەنانەوە خۆی بشارێتەوە و بەم شێوە ئەم دەرەتانە بۆ ئێران دەڕەخسێ کە دەست لە دۆخی سووریە وەربدا.

تاریق ئەلحومەید، لە درێژەدا باس لەوە دەکا کە بەم پرۆژەیەی ئامریکا و مەئمووریيەتی کوفی عەنان، لە ڕاستیدا دەرەتان بە هێز و لایەنە ناوچەییەکان دەدرێ کە بڕیار بدەن و ڕۆڵیان هەبێ و بەم شێوەیە ئێرانیش دەتوانێ هەروەك چۆن لە قەیرانی لوبناندا دەوری هەبوو و لە دروستبوونی حکوومەتدا لە سەر مێزی وتووێژە ناوچەییەکان بوو، بۆ سووریەش هەمان دەور بگرێ و بەم شێوە دەست بە سەر سووریەش بگرێ و ئەمە مەترسییەکە بۆ جیهانیی عەرەب کە ئێران یەك بە یەك لە وڵاتەکانیاندا سەردەکەوێ و جیهانی عەرەبی گەمارۆ دەدا.

سەرچاوە: arabnews.com

# ماڵئاوایی

شێرکۆ بێکەس

هەورازی کوێر پشتی شاخێکی بە عومرە
بۆ پێشمەرگە دانەویوە
ئێوارەیە و ڕێچکە و ڕیزی یەک لە دوای یەک
بۆ پشت بناری ئەو دیوە
دەنگ هەر پرمەی وڵاخێکە و
وردە بەرد و زیخی ژێر پێ
بێدەنگ بێدەنگ
بەسەر پەیژەی دانەبەردا
ئەم کاروانە کپ و ماتە هەڵئەگەڕێ
تەرمی شەهید
دوو دەستی شۆڕ بەرەو زەوی
هۆ بنچکی قژ خوڵاوی
ئەوە زامێکی تازەیە لێی نەکەوی
ئێوارەیە
خۆر وێنەکێشێکە لاواز
دەستی دوا تیشک درێژ ئەکا و
بە ئاستەمێ، زەردە ڕەنگێ
ئەدا لە لوولەی تفەنگ و
باڵی خوێناویی وڵاخ
ئینجا ئیتر چاو لێک ئەنێ
هۆ شەماڵی تۆزێ بژیو
پەلە مەکە و ئاگات لێ بێ
ئەوە زامێکی تازەیە
با کاکۆڵ و قژی ڕەشی نەئاڵۆسکێ
ئێوارەیە
وا لووتکە چەتری هەورێکی
زۆر بە نزمی
لە سەر سەری خۆی هەڵداوە
هۆ لووتکەی بەرز
ئەوا ئێستا ئەگەنە لات
سەر هەڵبڕە و
بەو هەورە تەنیایە بڵێ
کە گەیشتنە سێبەرەکەی
نمە نمە با بیبارێ
مل هەڵبڕە و سووک پێی بڵێ
شەهیدێکمان لەگەڵایە
ئەڕواتەوە بۆ دێکەی خۆی
لەوێ ئەنوێ
سووک پێی بڵێ
شەهیدێکە
زۆر تینوویەتی و ئاوی دەوێ.



شاری دڵ وێران کرا و یەک زیندەواریشی نەما
بەستە غەم سالارە شادی یادگاریشی نەما
دایکی ئازادی بە تیری چڵکنان پێکرا، کەچی
گەردەلوولی قینی پیرۆز، ئاسەواریشی نەما
شادەماری کووچە بوو، لێوڕێژ لە خەندەی سوورەگوڵ
سەر مەخابن خۆ بزە لێرە مەزاریشی نەما
شار شەپۆلی ئاورین بوو، کیژی دەریایی ئەوین
خۆ بەدەس تۆفانی دڕ یەستا دەواریشی نەما
دوێ لە قەدر ئاسمانی بێرلین، کۆترێ نووسی بە خوێن
شاری دڵ وێران کرا و یەک زیندەواریشی نەما

شاخەوان

## ئەی شەهید ئەی نموونەی ئازایی
## ئەو لەشانەی بە گوللە دابێژران



هەندێ ئایین هەن،
چ بە بزەی خاچ، چ کەفی شمشێر
قەت لە ناو دڵا جێ ناگرنەوە
هەندێ سەرۆک هەن،
چ بە بانگەشە، چ نان و دۆلار
قەت ڕێ نابەنە ناو ناخی هەژار
هەندێ تابۆ هەن، پاشی سەدان
ساڵ
نە لە بەر چاون، نە پیرۆز ماون
بەڵام چەند ناو و دیاردەی تر هەن
هەتاهەتایە دەرناچن لە دڵ،
چون گیان و خوێنی گەلیان وا پێوە
وەکوو هەڵەبجە، وەکوو پێشەوا
وەکوو چوارچرا و دەی خاکە لێوە..

نەکەرۆز

## شەهید

ڕۆژێ هەرد و گوڵ و درەخت و مەل
لە قوڵپی گریانی هەتاو
سەریان سوور ما
گوڵ چارشێوی دا بە سەریا
هەموو تێکڕا چوون لەگەڵیا
چوون بۆ لای خۆر....
چاک و چۆنی؟...چی قەوماوە؟
خۆر هەناسەیەکی هەڵ کێشا و
دەستی بۆ دۆڵێ ڕاکێشا
لەو دۆڵەدا ، لە باوەشی گوڵجاڕێکا
ڕەوە ئەسپێکی سم تەڵا
نۆمایەکیان هەر بە یاڵی خوێنینەوە
لە سەر سنگی خاک ڕاکێشا
هەرد و کێو و گوڵ و گیا
هەموو گریان

ژیلا

# نەرژا خوێنی تۆ بەخۆڕایی لە دڵی گەرمی گەلدا نێژران

## گڵکۆ

مارف ئاغایی

مەرگی شەهید
وەکوو مەرگی خۆرەتاوە.

دەمەو ئێوارێکی درەنگ
کە پەنجەی چلکنی هەور
خوێنی هەتاوی لێ دەتکێ
تەرمی لە خوێن گەوزاوی خۆر
بۆ باوەشی گڵکۆ دەخوشێ.

بەربەیانی
لەسەر کێلی ڕۆژهەڵاتی ئەم گڵکۆیە
هەر دڵۆپێک
دەبێتە پەیکی گزینگ و تاریکایی
دەشواتەوە.

مەرگی شەهید
وەکوو مەرگی خۆرەتاوە.

## گەرمەشین

مامۆستا هێمن

بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤاڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن دەگریم
بۆ هەموو پیر و جوانێکی لە سەر کوردستان
چوونە بن داری بەبێ وەی کە بشلوێن دەگریم
بۆ کوڕێکی نەبەزیوی کە لە سەنگەردا مرد
نەک بە سەرشۆڕی و بێ شەرمی لەسەر نوێن،
دەگریم
ماچ دەکەم ئەو مەچەکانەی بە کەلەبچە دێشن
بۆو سەرانەی بە گرێی قەمچی دەگروێن دەگریم
گەنجی کوردی وەکوو گەنجینە لە هەردی خستن
دوژمنم، تاکو نەزانم هەموو لە کوێن، دەگریم
شۆڕەژن سەربەقوڕ و گەورە کچیش مل بە کوێن
تا بمێنێ سەری بە قوڕ و ملی بە کوێن دەگریم
بۆ ژنێکی کە لەسەر تەرمی کوڕی تاقانەی
شین دەکا، جەرگ و دڵی لەت لەت و توێ توێن،
دەگریم
دوور لە ئازادی لە زیندانی ڕەش و بۆگەندا
بۆ کەسانێکی دەژین چڵکن و دژوێن دەگریم
بووکی کۆست کەوتوو دەبینم لە پەژارەی زاوا
سەری کوڵمانی دەڵێی زەردەیی سەر سوێن، دەگریم
بۆ پەنا سیلە و بن گیشە و جێ ژوانی چۆڵ
بۆ گڕاوی و کوڕە حەیرانی کە لێک جوێن دەگریم
بۆ وڵاتێکی بە فرمێسک و بە خوێن دێرابێ
من کە سەیرانی دەر و دەشتی دەکەم، خوێن دەگریم
تا وەکو مۆڵگە و پێشێلی سوپای دوژمن بێ
کێڵگە پڕ پیتەکەم و بەندەنی بژوێن، دەگریم
تا گوڵاڵەی گەشی بۆنخۆشی ترۆپکی کوێستان
بە گڕی مووشەکی بێگانە بپروێن، دەگریم
بەسیەتی دووبەرکی و ملهوڕی و لاساری
تا برایانە هەموو پێکەوە نەدوێن، دەگریم
دەمەوێ ڕێگەیی ڕزگاری تەخت بکرێ دەنا
تاکو نسکۆیە بەرن، تاکو هەڵەنگوێن دەگریم
تا کرێکار و فەلا، ڕەنجبەر و ڕۆشنبیر
دەست لە یەک نەگرن و پیاوانە نەبزوێن دەگریم
تا لە ژێر ڕەشبەڵەکی کیژ و کوڕی ڕق هەستاو
جەندەکی دوژمنی بەدکارە نەپەستوێن دەگریم
تاکو بۆ تۆڵەیی ئەو ڕۆڵە شەهیدانەی کورد
خەنجەری ڕۆڵەیی ئازا هەموو نەسوێن دەگریم
تا بە داسی دەسی ئەو پاڵە بەکارەی کوردی
دڕک و داڵی سەرەڕێ گشتی نەدروێن دەگریم
تاکو نەسڕێتەوە فرمێسکی هەتیوباری هەژار
تا هەتیو لێوی وەکو خونچە نەپشکوێن، دەگریم
تا بەدەستی پەری ئازادی لەسەر گۆڕی شەهید
گوڵە شللێرە لە گشت لایەکی نەڕوێن دەگریم

# بنەما ئوستوورەییەکانی نەورۆز



■ گولاڵە کەمانگەر

نەورۆز جێژنێکی گشتگیرە کە لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها لە رۆژهەڵاتی دوور و ئۆرووپا و شوێنەکانی دیکەی دنیادا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر بەڵام لە سەر یەک ئەسڵ و یەک بنەما بەڕێوە چووە، ئەو ئەسڵەش تایبەتمەندییەکانی ژیانی وەرزێڕییە. هاتنی بەهار و زیندووبوونەوەی سرووشت و سەرلەنوێ شین بوونەوەی گیا و رووەک لە زەوی و سەرسووڕمانی مرۆڤی سەرەتایی لەو گۆڕانە کوتوپڕە هۆکاری سەرەکیی هەموو جێژن و سرووت و ئوستوورەکانی پێوەندیدار بە بەهارەوەیە کە لە کوردوستان و ئێراندا بە ناوی نەورۆز ناودێر کراوە.

چەند ئوستوورەی سەرەکی لە ژیانی گشتیی مرۆڤدا رۆڵی جیدی و بەرچاو دەبینن کە یەکێک لەوانە پێوەندی بە نەورۆزەوە هەیە و بە ناوی ئوستوورەی زاوزێ یان ئوستوورەی خودایەکی کوژراو دەناسرێ. بەپێی ئەم ئوستوورەیە کە لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژەیەکی پێدەکەم، ژن-خودایەک (کە لە هەر فەرهەنگێکدا ناوێکی هەیە بۆ نموونە لە بابلدا ئیشتاروت یان هەمان عەشتارە و لە ئێراندا ئاناهیتا و لە ئاناتۆلیدا سیبەل و...) گرفتاری عەشقی خودایەکی نێر دەبێ، بەڵام ئەو خودایە دەکوژرێ و دەکەوێتە دنیای ژێر خاک کە دنیای مردووەکانە، ژن-خودا بۆ هێنانەوەی خۆشەویستەکەی سەفەری دنیای مردووەکان دەکات و خۆشەویستەکەی لەگەڵ خۆی دێنێتەوە. ئەوە توخمی سەرەکی و ناوکی ئوستوورەکەیە کە لە هەر گێڕانەوەیەکدا هێندێ لقوپۆپی پێ زیاد کراوە و لە رواڵەتی چیرۆکێکی دڵداریی خودایاندا خۆی دەنوێنێ.

لە شرۆڤەی ئەم ئوستوورەیەدا و بۆ گەڕاندنەوەی بە زمانی واقێعەکانی سرووشت، دەبێ شوێنی راستەقینەی هەر کارەکتێرێک بدۆزینەوە و بزانین ئەوەی لە زمانی ئوستوورەدا وەکوو خودایەک ناسێندراوە لە دنیای واقێعدا چیە.

مرۆڤی سەرەتایی سەرەڕای ئەوەی کە بۆ هەموو بوونەوەرەکانی دنیا ژیانێکی هاوشێوەی ژیانی مرۆڤی لە مێشکی خۆیدا وێنا کردووە، بە هۆی نەبوونی زانست، بۆ شرۆڤەی هەر رووداوێکی سرووشتی کە لە لۆژیکی ئەودا ناگونجێ، بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ ئەو رووداوە، ئوستوورەیەک دەخولقێنێ. لە بارەی شینبوونی گیا لە بەهاریشدا وەها شتێک روو دەدات واتە هەم خودی ئەو گیایە کە شین دەبێ لە باوەڕی ئەودا خاوەنی ژیانێکی مرۆییە و هەم ئەو هێزە کە دەبێتە هۆی ئەو رووداوە هێزێکی هاوچەشنی هێزی مرۆییە. لەم بەراوردەدا ئەو خودایەی دەکوژرێت و رادەستی دنیای مردووەکان دەبێ نوێنەری تووی گیایە کاتێک دەیچێنن و هاتنەوەی بۆ ژیانیش هەمان شینبوونیەتی، بۆ مرۆڤێک کە خاوەنی ژیانی وەرزێڕییە ئەو رووداوە رووداوێکی زۆر گرینگە، رووداوێک کە لە باوەڕی ئەودا بەستراوی خواستی خودایان و رازیبوونی ئەوان بەتایبەت ئەو ژن-خودایەیە کە کاری شینبوونی گیا لە ئەستۆی ئەودایە، هەر بۆیە ساڵانە رێورچەیەک (ئایینێک) بەڕێوە دەبات کە لە رەوتی ئەو رێورچەدا رێز لە خودایانی گیایی و ژن-خودای زاوزێ دەگیردرێت و دیاریی جۆراوجۆریان پێشکەش دەکرێت. لەم سرووتەدا بە لاساییکردن لە شینگێڕان بۆ خودای مردوو، سەرەتا ماتەمێک بەڕێوە دەچێت، پاشان بە بۆنەی هاتنەوەی ئەوەوە شادی و جێژن و سەما و خۆشییە، کە ئەو جێژن و خۆشییە هەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستان و زۆر شوێنی دیکەدا ئاسەواری ماوەتەوە و بووە بە جێژنێکی نەتەوەیی و پێی دەگوترێ نەورۆز. نەورۆزی ئەمڕۆ دیارە زۆر شتی گۆڕاوە، زۆر شتی پێ زیاد کراوە و هێندێ شتیشی لێ کەم کراوە، بۆ نموونە ئەمڕۆ شینگێڕان بۆ خودای کوژراو نابینین بەڵام کاتێ بزانین کە سووگی سیاوەش لە ئێراندا راست لە دواهەمین رۆژانی زستاندا بەڕێوە چووە، بۆمان دەدەکەوێت کە بەڵێ نەورۆز جێژنی پاش سووگی سیاوەشە و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لێکچوونەکانی نەورۆز و جێژنەکانی هاوشێوەی لە هەموو دنیادا دڵنیا دەبین کە نەورۆزیش لەسەر هەمان بنەمایە کە باس کرا و پێوەندی بە ژیانی وەرزێڕیی مرۆڤەوە هەیە.

لێرەدا پاش ئەم روونکردنەوەیە کە سەبارەت بە سەرچاوەی ئوستوورەیی نەورۆز پێویست بوو، ئێستا دەپەرژێمە سەر هێندێک لە خاڵە گرینگ و بەرچاوەکانی ئەو نەورۆزەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان و لە ئێراندا بەڕێوە دەچێ و ئەو خاڵگەلەی کە هەموویان بە جۆرێک بەستراوی یەکن و پێوەندییان بە ئوستوورەکەوە هەیە، دەخەمە بەرباس.

رۆیشتن بۆ سەر قەبران و سەردانی مردووەکان: رۆیشتن بۆ سەر قەبران لە پێوەندی لەگەڵ هەمان ئوستووره و هەمان ئایینێدا کە باس کرا مانای قووڵی دەردەکەوێ، تەرمی خودای کوژراو لە رەوتی سرووتەکەدا تا گۆڕستان رەوانە دەکرێت و لەوێدا ئەوانەی مردوویان مردووە چاوەڕوانی ئەوە دەبن کە هاوکات لەگەڵ هاتنەوەی خودای مردوو لە جێژنی نەورۆزدا، رەوانی مردووەکانی ئەوانیش سەردانی ماڵەکان و بنەماڵەکانیان بکەن. ئەو کارە واتە سەردانی قەبرستانەکان رۆژی پێش لە نەورۆز ئەنجام دراوە، بەڵام دواتر لە ژێر کاریگەریی نەریتی ئیسلامی و عەرەبیدا ئەو رۆژە گۆڕاوە بە پێنجشەمە کە رۆژێکی پیرۆزە بۆ موسڵمانان و ناوی دواهەمین پێنجشەمەی ساڵی لەسەر نراوە. پێداگری لەسەر پاک و خاوێنیی گشتی پێش لە نەورۆزیش پێوەندی بە هەمان باوەڕەوە هەیە، ئەو باوەڕەی کە دەڵێ رەوانی مردووەکان رۆژی نەورۆز دەگەڕێنەوە و سەردانی ماڵەکانیان دەکەن.

ئاگری نەورۆز: ئاگری نەورۆز کە ئێستا تەنیا لە ناو کوردان و هەروەها زەردەشتییەکانی یەزد و کرماندا ماوە، لە ئەسڵدا لەسەر بانی ماڵەکان دەکرایەوە و خەڵکان دوای گەڕانەوە لە سەر قەبران ئێوارەی شەوی نەورۆز، هەرکام و لە سەر بانی ماڵی خۆیاندا ئاگرێکیان دەکردەوە (زەردەشتییەکان ئێستاش هەر بەو شێوە ئاگری نەورۆز دەکەنەوە)، ئەو ئاگرەش بە مەبەستی روونکردنی رێگای رەوانی مردووەکان بوو کە لە ئایینی زەردەشتدا پێیان دەڵێن فەروەشی مردووەکان. ئەو ئاگرەیان دەکردەوە تا فەروەشییەکان لە کاتی هاتنەوەدا رێگا هەڵە نەکەن. بەڵام دەتوانین بڵێین ئاگرکردنەوە مەبەستێکی دیکەشی لە پشت بووە کە بریتی بووە لە بەهێزکردنی تینی خۆر، لە درێژەی زستاندا هەر جێژنێک بەڕێوە دەچێت ئاگرکردنەوەی لە گەڵدایە، ئەو شێوە ئاگرکردنەوە پاڵی داوەتە بەر جۆرێک لە جادوو بە ناوی جادووی هۆمیۆپاتیک کە بەپێی ئەوە لە دیاردەکانی سرووشت لاسایی دەکرێتەوە و مەبەست لەو کارەش بەهێزکردن و یارمەتیدانی ئەوانە، ئاگری سوورییش کە پێنج رۆژ پێش لە نەورۆز کراوەتەوە هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە، واتە بەهێزترکردنی گەرما و ئاگری خۆر، ئاگری سوورییش هەروەک دواهەمین پێنجشەمەی ساڵ، لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی عەرەبدا کە رۆژی چوارشەمە بە نگریس دەزانن گۆڕا بە چوارشەممەسووری کە دیارە لە ناو کورداندا شتێکی تازەیە و پێشتر نەبووە. ئەوەی کە نارەسەنبوونی چوارشەممەسووری دەسەلمێنێ جیاوازیی شێوەی دابەشکردنی رۆژەکانە، لە فەرهەنگی کۆنی فەلاتی ئێراندا بە پێچەوانەی فەرهەنگی عیبری و سامی حەوتوو واتە دابەشکردن بە سەر حەوت رۆژدا بوونی نیە، بەڵکوو هەرکام لە رۆژەکانی مانگ ناوێکی تایبەتی هەیە و بەو ناوە پێناسە دەکرێ نە بە ناوی شەممە و یەکشەمە، لە رۆژژمێری کۆنی ئەم ناوچەیەدا بۆ نموونە رۆژی یەکەمی هەر مانگێک هۆرموزە (کە هەمان خۆرە) رۆژی شازدەهەم مێهر، رۆژی بیست و چوارم دین و...هتد.

سفرەی نەورۆزی: سفرەی نەورۆزی، سفرەیەکە کە هەر نەتەوەیەک خۆراکە باوەکانی لە سەر دادەنێ، لە ئێراندا حەوت خۆراک کە ناوەکەی بە «س» دەست پێبکات لە سەری دادەنێن و پێی دەڵێن حەوت سین، دیارە ئەوە شتێکی بێ بنەمایە چوونکە نە رەقەمی حەوت بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە پیرۆزی هەبووە و نە مرۆڤی کۆن ئەم نەریتانەی بە مەبەستی کایەی زمانی پێکهێناوە، هەموو نەریتە کۆنەکان لە بیچمی رەسەنی خۆیاندا پێوەندی راستەوخۆیان بووە لەگەڵ ئایینەکان کە ئەوانیش بەستراوی شێوەی ژیانیان بوون. سفرەی نەورۆزی لە هێندێ شوێندا بریتی بووە لە رواندنی دوازدە جۆر (بە نوێنەرایەتی لە داوزدە مانگی ساڵ) لە دانە سەرەکی و گرینگەکانی ژیانی مرۆڤ کە خۆراکە ئەسڵییەکانی ئەو پێکدێنن وەک گەنم و جۆ و نیسک و گەنمەشامی و... هتد.

مەبەست لەو کارە پیت بەخشین و بەرەکەت خواستن لە خودایانە و ئاواتەخوازی بۆ باشتربوونی خەلەوخەرمان لەو ساڵەدایە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی نەریتەکانی دیکەی نەورۆز وەک ئاگری نەورۆز و سەر قەبران رۆیشتن، خوێندنەوەیەکی دیکەش بۆ ئەو سفرەیە دەتوانێ هەبێ، بەپێی ئەم خوێندنەوە فەروەشی مردووەکان کە لە سەری ساڵدا دەگەڕێنەوە و سەردانی ماڵەکانیان دەکەن پێویستیان بە خواردنێکی تایبەت هەیە، ئەو سفرە و ئەو خواردنانەی سەری، لەوانەیە لە بنەمادا بۆ فەروەشی مردووەکان دانرا بن و دواتر تەفسیر و شرۆڤەی دیکەیان گرتبێتە خۆ. پاشماوەی ئاشنای باوەڕی خۆراک هێنان بۆ مردوو لە ئێستادا، هەمان نەریتی دانانی شیرینی و خورما و حەڵوا لە کاتی سەرەخۆشی و بەجێهێشتنی لەسەر گۆڕی مردووە. لە ناو خەڵکی ئێراندا هەڵکردنی رووناکی و دانانی خۆراک لەسەر گۆڕی مردوو ئێستاش زۆر باوە و لە گۆڕستانەکاندا دەبیندرێ.

رێزگرتن لە رۆژی سێزدەی نەورۆز: رۆژی سێزدەی نەورۆز کە بە سێزدەبەدەر دەناسرێ ئەو رۆژەیە کە خەڵک بەگشتی لە ماڵ دەچنە دەرەوە و تا ئێوارە لە داوێنی دەشت و چیادان، لە ئێراندا خەڵک دەڵێن سێزدە نگریسە و لەو رۆژەدا بۆ دەرکردنی نگریسی ئەو رۆژە دەبێ بچنە دەرەوە، بەڵام نگریسبوونی سێزدە لە فەرهەنگی رۆژئاواوە هاتووە و شتێکی رەسەن لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نیە، هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد لە ساڵژمێری ئاڤێستاییدا هەر رۆژێک ناوی تایبەت بە خۆی هەیە، هێندێ لە رۆژەکانیش ناوی مانگەکانیان لە سەرە بۆ نموونە رۆژی دووهەمی هەر مانگێک ناوی بەهمەنە و سێهەمی مانگ ئوردیبەهەشت و شەشەمی مانگ خورداد و... هتد. ناوی دوازدەمانگی ساڵ هەرکام نوێنەرێکیشیان لە سی رۆژەی مانگدا هەیە، لەو رۆژانەدا کە ناوی رۆژ و ناوی مانگ یەکێکن جێژنی تایبەت بەرێوە دەچێت کە بە ناوی هەمان رۆژەوە دەناسرێت (ناوی مانگەکانی ساڵ ناوی ئیزەدەکانن هەر بۆیە ئەو جێژنانە تایبەت بە رێزگرتن لەو ئیزەدانەیە) بۆ نموونە لە مانگی مێهردا رۆژی شازدە کە مێهر رۆژی پێدەگوتری، رۆژی جێژنی مێهرەگانە، هێندێک لەم ئیزەدانە بە هۆی گرینگبوونی رۆڵیان لە ژیانی مرۆڤدا لە دەرەوەی رۆژەکەی خۆیان لە مانگەکانی دیکەشدا جێژنیان بۆ بەریوە دچێ لەوانە یەکێکیان ئیزەدی ئاگر و خۆر واتە مێهر و ئەوی دی ئیزەدی ئاو واتە تیشتەر یان هەمان تیر کە رۆژی سێزدەی هەر مانگێک بە ناوی ئەو ئیزدەیە. لە ئیزەدی تیشتەر هەم لە رۆژەکەی خۆیدا کە سێزدەی مانگی چوارە و بە ناو جێژنی ئاوریزگان دەناسرێ، رێز دەگیردرێ و هەم لە رۆژانی سێزدەی سێ مانگەی بەهار. مەبەست لەوەش پەسنی ئیزەدی ئاو (تیشتەر) بۆ زیادکردنی ئاو لە وەرزی گەرمادایە (کە ئەمەش جۆرێک لە جادووی هۆمیۆپاتیک دێتە ئەژمار). ئەو جێژنەی کە لە رۆژی

> **مرۆڤی سەرەتایی سەرەڕای ئەوەی کە بۆ هەموو بوونەوەرەکانی دنیا ژیانێکی هاوشێوەی ژیانی مرۆڤی لە مێشکی خۆیدا وێنا کردووە، بە هۆی نەبوونی زانست، بۆ شرۆڤەی هەر رووداوێکی سرووشتی کە لە لۆژیکی ئەودا ناگونجێ، بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ ئەو رووداوە، ئوستوورەیەک دەخولقێنێ**

سێزدەی نەورۆزدا بەرێوە دەچێ، جێژن بۆ تیشتەرە و هەمیشە لە کەناری رووبار و ئاودا بەرێوە دەچێ.

بەگشتی ئەوەی سەبارەت بە نەورۆز لە باری ئوستوورەییەوە زەق و بەرچاوە خودی بەهار و سرووشتە نەک هیچ مانایەکی دیکە، بەڵام تایبەتمەندیی مێشک و هزری مرۆڤ ئەوەیە کە لە رەوتی مێژوودا لەسەر بنەمای سادەترین یاساکانی سرووشت تێکچڕژاوترین سرووتەکان و ماناکان بۆ خۆی دەخولقێنێت و کۆی ئەوانە بۆ هەر نەتەوەیەک دەبێت بەو شتەی کە بە ناوی شووناسی نەتەوەیی دەیناسین.

# کورد و مالکی



■ سەلاح مورادی

گرژی لە پێوەندییەکانی نێوان دوو هاوپەیمانی ئێستا و هاوخەباتی پێشوو، کورد و شیعەکانی عێراق توند بوو و درێژەی ئەم دۆخە لەوانەیە هاوسەنگیی هێز لەم وڵاتەدا بگۆڕێ و کورد و عەرەبە سوونەکانی عێراق دژی حکوومەتی نووری مالکی لێك نزیك بکاتەوە.

کوردەکان و عەرەبە سوننەکانی عێراق و تەنانەت هەندێ لە لایەنە شیعەکانیش لە پەرەگرتنی دەسەڵاتی سەرۆك وەزیری ئێستای عێراق و پاوانکردنی چەند پلەی بەرزی حکوومەتی لە لایەن ئەوەوە نیگەرانن. مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێی وایە کە عێراق بەرەو هەڵدێر دەڕوا و خەریکە چەند کەسێك ـ کە مەبەستی نووری مالکی و کەسانی دەوروبەریەکی ـ حوکمی عێراق بەرەو دیکتاتۆری دبەن.

پێبەندنەبوونی نووری مالکی بە ڕێککەوتننامەی هەولێر و ڕێزنەگرتنی لە بەشداریی سێ لایەنی سەرەکیی عێراق واتە کورد و عەرەبی شیعە و سوونە لە دەسەڵاتدا و پێشێلکردنی یاسای بنەڕەتی و هەوڵنەدانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دیکەی وەك کەرکووك و ناوچەدابڕاوەکانی تر، پرسی پێشمەرگە و نەدانی بودجەی پێشمەرگە، پرسی نەوت و گاز و پاوانکردنی زۆربەی پۆستە سەربازی و ئەمنییە تییە کا ن لە لایەن خودی مالکییەوە کوردەکانی تووڕە و نیگەران کردووە.

نووری مالکیش لە پەنادانی هەرێمی کوردستان بە تاریق هاشمی تووڕەیە و هەرێمی کوردستان وەك لەمپەرێك لە بەرانبەر هەوڵەکانیدا بۆ لابردنی دژبەرانی سوننە مەزهەبی خۆی لە گۆڕپانی سیاسیی عێراقدا دەبینێ و نایەوێ دەسەڵاتێکی دیکە لە عێراق لە بەرانبەریدا خۆی بنوێنێ.

مالکی بە بەڕێوەنەبردنی ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ کوردەکان و هەروەها درێژەدان بە هەوڵەکانی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بە سەر تەواوی عێراقدا لەوانەیە کوردەکان وەك هاوپەیمانی سەرەکیی خۆی لە دەست بدا. مالکی لەسەر هەوڵەکانی بۆ وەلانانی دژبەرانی سوونەی خۆی بەردەوامە و کوردەکان لەوە نیگەرانن کە بازنەی ئەم هەوڵانەی مالکی ڕۆژێك ئەوانیش بگرێتەوە. وەها دۆخێك هەڵکەوتی عەرەبە سوننەکان، وەك دژبەری سەرەکیی حکوومەتی مالکی بەهێزتر دەکات و ئەگەری ئەوە هەیە هەرێمی کوردستان بکاتە جەمسەری کۆبوونەوەی دژبەرانی مالکی و شکڵگرتنی هاوپەیمانییەك لە دژبەرانی ناوبراو بە کورد و عەرەبی شیعە و سونەوە.

شێوەی بەکارهێنانی دەسەڵات و دەسەڵاتداریی لە عێراقدا لە لایەن مالکی و جۆری هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردەکان و عەرەبە سوننەکان ئەوە نیشان دەدا کە ناوبراویش دەیەوێ بە هەمان عەقڵییەتی پێشووەوە عێراق بەڕێوە ببات و ناتوانێ دان بە بوونی لایەن و دەسەڵاتەکانی دیکەدا بنێ. پێداگریی مالکی لە سەر وەها عەقڵییەتێك هاوپەیمانیی لیستی دەوڵەتی یاسا و فراکسیۆنی کوردستانی دەخاتە مەترسی و قەیرانی سیاسیی عێراق قووڵتر و ڕەوشی ئەمنییەتی خراپتر دەکات و ڕێکاری پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانە دەخاتە مەترسیی تەواو و ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئەو وڵاتە بەرەو لێکهەڵوەشان ببات.

# پەیامێک لە مینبەری درۆ و چەواشەکارییەوە

■ سەلام ئیسماعیل پوور

وتەکانی عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە یەکەمین ڕۆژی ساڵی نوێی هەتاویدا نیشاندەری درێژەی چالاکیی ماشینی درۆ و چەواشەکاری و ئەنجامگیرییە نادرووستەکانی ڕێبەرانی ڕێژیم لە ڕاستییەکانی گۆڕەپانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەپێی ئەو چەواشەکارییانەیە کە بۆ خۆیانیش لە ساختەبوونی ئاگادارن.

لە پەیامی نەورۆزیی ڕێبەری ڕێژیم و لێدوانەکەی ناوبراو لە مەشهەددا کۆمەڵێك خاڵ وەبەرچاو دەکەون کە نیشان دەدەن دیکتاتۆرێکی نارسیسیستی گەمارۆدراو لە نێو خەرمانەیەك لە خواوەندیی درۆییندا تا چ ڕادەیەك دەتوانێت بە ئاکامگیریی ئاوەژۆ لە ڕاستییەکانی دەوروبەری، خۆی و ڕێژیمەکەی بخاتە نێو ڕێڕەوێکی پێچەوانەی ڕەوتی مێژوو و بە پێداگری لەسەر مانەوەی دەسەڵاتەکەی وا نیشان بدات کە لە سەر ڕێچکەی پەرەسەندن و گەشەدایە.

لە ساڵێکدا کە گەمارۆ نێونەتەوەییە بەربڵاوەکان، هەڵاوسانی ئابووریی هەوسارپچڕاو، دابەزینی نرخی ڕیاڵ لە بەرانبەر دراوە دەرەکییەکاندا، ئاشکرابوونی دزی و گەندەڵیی گشتگیری ئابووری، هاتوچۆی چڕوپڕی کەشتییە شەڕکەرەکانی ڕۆژئاوا لە سنوورەکانی باشووری ئێراندا، وەئاویلکەکەوتنی دیکتاتۆریی بنەماڵەی ئەسەد لە سووریە و بڕبڕەی پشتی بەرەی تیرۆریستیی تاران ـ بەقاع، لەقاودرانی ڕۆڵی ڕێژیمی ئێران لە تێرۆرەکانی دەرەوەی وڵات لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، قەفقاز، هیند، ئەمریکا و....، دووپاتبوونەوەی ڕیسوایی داگیرکردنی باڵوێزخانەکان، ناکۆکییە روو لە زیادبوونەکانی تاقمەکانی دەسەڵات، تەحریمی بەربڵاوی شانۆی هەڵبژاردن لە لایەن خەڵك و تەنانەت بەشێك لە خودییەکانی ڕێژیم لە ڕابردوودا و ...تەنگیان بە ڕێژیم هەڵچنیبوو، وەلیی فەقیە بە نکۆڵیکردن لەم هەموو ڕاستییانە بانگەشەی ئەوەی کرد کە ڕێژیم بە سەر هەموو قەیرانەکاندا زاڵ بووە و ڕووداوەکان بەگشتی لە قازانجی کۆماری ئیسلامیدا بوون.

خامنەیی لە پەیامی خۆیدا ڕەوتی ڕووخانی دیکتاتۆرەکانی ناوچە نەك بە دەرکەوتنی بەرایی ڕووخانی خۆی و کۆتایی دیکتاتۆریی ڕەشی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو بە درێژەی ئاوات و بەرنامەکانی خۆی و ڕێژیمەکەی دەزانێت، وەك ئەوەی کە خۆی لە چەشنی ئەو دیکتاتۆرانە نەبێت. هەڵبەت ئەمە سروشتی دیکتاتۆرییە کە هیچ سەرەڕۆیەك دان بە سەرەڕۆبوونی خۆیدا نانێت و ئامادە نیە خۆی لەگەڵ سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکانی هاوچەشنی خۆی بەراورد بکات و هەموویان خۆیان بە بەشێك لە خەڵك یان هێمای ئیرادە و ڕۆحی نەتەوەیی دەزانن و ئەم وەهمە تا کاتێك درێژە دەکێشێت کە هاواری نارەزایی خەڵك، کۆشکی دیکتاتۆری بە سەریاندا دەڕوخێنێت.

خامنەیی وەها چەقیوەتە نێو وەهمی دیکتاتۆرانەی خۆی کە شانۆگەریی «ئیمامی مقەبایی» و شانۆی کۆمیکی سارد و بێ گیانی ڕێپێوانی ٢٢ی ڕێبەندان و بەشداریی بەشێکی زۆر کەم لە خەڵك لە نمایشی هەڵبژاردنی مەجلیسدا بە دیمەنی پێشاندەری ئۆتۆریتەی نەتەوەیی دەزانێت کە لە ڕابردوودا کەمتر وەبەرچاو کەوتووە.

ڕێبەری ڕێژیم هەروەها باس لە پێشکەوتنە زانستی، ئابووری و سیاسییەکان دەکات کە خەڵك نەیانتوانیوە ببینن، بەڵام ئەو بە هۆی ڕووباری خرۆشانی بەسیرەت و بەرچاوڕوونییەك کە هەمیشە خۆی بە خاوەنی دەزانێت، هەستی پێ کردووە و لەداهاتوویەکی نادیاردا بۆ خەڵکیش باسی دەکات.

پێداگریی بەردەوامی خامنەیی لەسەر وشەی «من» وەکوو زاتێکی چاو و دڵ ڕوون و ئاگا و بێبەری لە کەموکوڕی و پاڵپشتێکی ئەستوور، نیشان دەدات کە ئەو زاتە بە ڕادەیەك عەوداڵی پێگە و وەهمی هەیبەتی خواوەندیی خۆی بووە کە لە دنیای خەیاڵی خۆیدا لە زەوی دابڕاوە و لە بیری کردووە کە ئەویش کەسێکی ئاسایی لە چەشنی هەمان ئەحمەد خاتەمی، سەعید مورتەزەوی و قوتابییەکانی دیکەی ڕێبازی وڵایەتی فەقیهە، نەك بوونەوەرێکی جیاواز و خاوەن تایبەتمەندیی سەیر و سەمەرە و زاڵ بە سەر دەروون و دەوروبەری خۆیدا.

یەکێکی دیکە لە تەوەرەکانی باسی خامنەیی، بە بنەمادانانی باسی ئابووری لە بەرنامەکانی ساڵی داهاتووی ڕێژیمدایە.

خامنەیی کە ساڵی ڕابردووی بە ساڵی «جیهادی ئابووری» ناودێر کردبوو و لە وەها ساڵێکدا نسکۆی ئابووریی ئێران، ئاشکرابوونی دزییە میلیاردییەکان و شاردنەوەی بەشێکی بەربڵاو لە گەندەڵیی سەرسووڕهێنەری تاقمەکانی دەسەڵات، دابەزینی نرخی ڕیاڵ، مایەپووچبوونی کارگەکانی بەرهەمهێنان و بێکاربوونی کرێکاران، دواکەوتنی مووچەکان، ڕاوەستانی بەشە جۆربەجۆرەکانی ئابووری، هەڵاوسانی ڕوولەزیادبوون، نرخی گەشەی ئابووریی سیفر و ... بەشێك لە بەرهەمەکانی جیهادە ئابوورییەکەی بوون، لە وەها پێشەکییەکی کارەساتبار بە ئەنجامێکی درەوشاوە و ئیدەئال دەگات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕێژیم ئەو قەیرانانەی بە سەر بەرزییەوە تێپەڕاندووە و جیهادی ئابووری بە ئاکامی دڵخوازی خۆی گەیشتووە.

بە پشتبەستن بەم وێنا خەیاڵییەوەیە کە خامنەیی بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕاستییە سیاسییەکانی کۆمەڵگا و گۆڕەپانی نێونەتەوەیی، باس لەوە دەکات کە بە درێژەکێشانی ئەم ڕەوتە و پشتیوانیی خەڵك و دەوڵەت لە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی، لە ساڵی داهاتوودا کێشەی بێکاری و هەڵاوسانی ئابووری چارەسەر دەبێت.

لە ڕوانگەی وەلیی فەقیهەوە هیچ گرینگ نیە کە بەستێنی نێوخۆیی و دەرەکی لە بواری ئابووریدا بۆ خولقاندنی وەها پەرجۆیەك ئامادە نیە، پرسی هاوردەی بێ سەرەوبەری شمەك لە چین و قاچاخی شمەك لە ئیسکلە نایاساییەکانەوە و خۆبواردن لە دانی تەعرفە و گومرك و باج کە زیاتر لە لایەن باسکە ئابوورییەکانی سپای پاسداران و ڕایەڵەی بەربڵاوی ئاغازادەکان و مەرجەع تەقلیدەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە لە مافیای ئابووریدا تێوەگلاون، لە وەها ڕوانگەیەکدا هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر کەرتی بەرهەمهێنان لە نێوخۆدا نیە. گرانیی کەرەستەی خاوی لە دەرەوەهێنراو، گرانیی دراوی دەرەکی، دابیننەبوونی بوودجەی پێشبینی کراو بە هۆی تەحریمە نەوتی و بانکییەکانەوە، دابەزینی توانای کڕینی خەڵك و ... هەرگیز لەو هۆکارانە نین کە بتوانن گۆڕانێك لە ئەنجامی فتوای وەلی فەقیهی ڕێژیمدا پێك بێنن. ئەوەی کە خەڵك و خاوەن ڕایانیش قسەکانی باوەڕ دەکەن یان نا، هیچ گرینگ نیە، چوونکە خەڵك و کارناسان لە جێگایەکدا نین کە بتوانن گومان بخەنە سەر ڕاستی یان ناڕاستبوونی ڕوانگەکانی.

لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشەی سەربازیی دەرەکی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و پێوەندیی لەگەڵ بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمدا خامنەیی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ڕێژیم نایهەوێ دەستی بگاتە چەکی ئەتۆمی، بەڵام لە هەر ئاستێکدا کە هێرشیان بکرێتە سەر، هەر لەو ئاستەشدا لە خۆیان بەرگری دەکەن.

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی نایهەوێت چەکی ئەتۆمی بەرهەم بێنێت، زیاتر لە جۆرێك لە تەقیەی سیاسی نیە بەڵام دوابەدوای ئەوە، جۆرێك گوتاری هێزموونی خوازانەی بە دەر لە چوارچێوەی تواناییەکانی ڕێژیم دێتە ئاراوە و خامنەیی لە لووتکەی زلهێزییەوە قسە دەکات و دەڵێت کە توانای بەرەنگاری لەگەڵ هەموو هێزە سەربازییەکانی ئەم سەردەمەی تێدایە.

هەواڵدەریی سپای پاسداران (فارس) واتایەکی باشتر لەم بانگەشەیە دەخاتە ڕوو. ئەویش ئەوەیە کە بەپێی ڕێنوێنییەکانی خامنەیی لە ساڵی داهاتوودا دەبێ چاوەڕوانی زیاتربوونی عەمەلیاتە تێرۆریستییەکانی هاوچەشنی هیند و تایلەند بین کە جۆرێك بەرپەرچدانەوەی عەمەلیاتی نهێنیی ڕۆژئاوا دژ بە بەرنامە و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ڕێژیمە. ئەگەر وای دابنێین کە ئەم شیکردنەوەیە درووستە، دەبێ بڵێین کە عەمەلیاتە تێرۆریستییەکانی ئەم دواییانەی ڕێژیم شایانی بەراورد لەگەڵ ڕادەی زیانەکانی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ڕێژیم و خەسارە مرۆییەکانی لەم پێوەندییەدا نین.

ڕێبەری ڕێژیم لە بەشێکی دیکە لە وتەکانیدا وێڕای دانپێدانان بە ناکۆکییە چارەسەرهەڵنەگرەکانی نێوان تاقمە جۆربەجۆرەکانی ڕێژیم و پاڕانەوە لێیان کە لانیکەم «دەستەویەخە نەبن»، تاوانی هەموو ئەو ناکۆکییانە دەخاتە ئەستۆی ئینترنێت و ئامرازە ئێلێکترۆنیکەکان کە «بوونەتە هۆی ئەوەی کە خەڵك بە بێ ترس دژی یەکتر قسە بکەن» و داوا لە بەرپرسان دەکات کە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن.

ئەم پەیامە بە ڕاشکاوی دەربڕی ویستی وەلی فەقیە بۆ پتەوکردنی سانسۆر و خەفەقان بەتایبەتی لە فەزای سایبریدایە، بە سەرنجدان بە بڕیاری ئەم دواییانەی لەمەڕ دامەزرانی شوورایەك بۆ کۆنترۆڵی فەزای سایبری (کە لەم بوارەدا مافی یاسادانانی هەیە) دەتوانین بڵێین کە خامنەیی ئەمجارە بە درووستی تێگەیشتووە کە گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر خۆی و ڕێژیمەکەی، ئاگابوونەوەی خەڵك و شەفافییەت لە بواری ڕاگەیاندن و چاپەمەنییەکاندایە کە دەتوانین وەك «پاژنەی ئاشیلی ڕێژیم» باسی لێ بکەین.

## جووت حەوت

**هەوراز**

ـ ئایەتوڵڵا، ببورن! پاسدار ئەحمەدڕەزا رادان، فەرماندەی هێزی ئینتزامیی ڕێژیم لە تاران، بە بۆنەی ١٣بەدەر داوای لە خەڵك کرد کە «کەرەستە و پێداویستییە پێویستەکانی ڕۆژی ١٣بەدەر لەگەڵ خۆیان ببەن، یان لە ماڵ بمێننەوە با بەفر و باران تەڕیان نەکات». (ئەگەر باران تەڕیان بکات بە تاوانی «محاربە» و «افساد فی الارض» خەڵات دەکرێن!!) فارس گوتەنی «ئاخخیش حەیڤوونەکی»! هێندە خەفەتی خەڵکی خواردووە، بۆتە «مامە خەمە».

پاسداری قاتڵ کە زۆر لە بیری خەڵکدایە، بەڵێنی داوە کە پۆلیس لەو ڕۆژەدا ئامادەیە هاوکاریی پێویست پێشکەش بە خەڵك بکات. واتە ئەگەر خەڵووزیان پێ نەبێت بۆ کەبابکردن، هاوکارانی رادان یان خۆیان دەبنە کەباب یان دەچن بۆیان دەکڕن، یان ئەگەر چەتریان پێ نەبێت، لە ژێر عەبای فشوفۆڵی ویلایەتدا پەنایان دەدەن، یان ئەگەر شوێنی حەوانەوەیان پێویست بوو، پاسدارەکان دەرگای زیندانەکان بۆ میوانداری لە خەڵك دەکەنەوە.

پاسدار رادان ڕوونی نەکردۆتەوە کە ئەگەر خەڵك لە بیریان چوو هێندێك پێداویستیی تایبەت (وەکوو ئامرازەکانی شادی و ڕەشپەڵەك) لەگەڵ خۆیان ببەن، ئەوان بە فاتی کۆماندۆکانی خۆیانەوە چ خزمەتێکیان پێ دەکرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە؟

ـ فەرەجوڵڵا سەلەحشوور، خاڵۆ فەرەجی سینەمای ئێران دەڵێت: «لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا بەرپرسانی ئێمە(ڕێژیم) هیچیان بە دەستەوە نەبووە! هەموو شتێك لە دەستی هونەرمەند و سینماکارەکاندا بووە، ئێمە هیچمان بۆ گوتن پێ نەبوو. بۆیە ئەوان سواری ئێمە بوون».

سەردەستەی ئەو سینماکارانەی کە سواری خاڵۆ فەرەجی سەلەحشوور و هاوڕێیانی بوونە، ئەستێرەی بەناوبانگی هالیڤوود، ئایەتوڵڵا خومەینی بوو کە ئەکتەرێکی لێهاتوو بۆ درامە خوێناوییەکانی سەرەتای شۆڕش و شەڕی ٨ ساڵە بوو. هەروەها ئایەتوڵڵا مەهدەوی کەنی، براوەی خەڵاتی یەکەمی فستیڤاڵی «کەن»، ئایەتوڵڵا مشکینی، ئەکتەری بەناوبانگی کارتۆنی مشك و پشیلە، حوجەتول ئیسلام موحسینی ئێژەیی، ئەستێرەی فیلمی «دادگای عیسا سەحەرخیز» لە ڕۆڵی «سپی ددان» دا، برایانی لاریجانی، ئەکتەرەکای فیلمی «برایانی داڵتۆن»، مەحموود ئەحمەدی نژاد، ئەکتەری فیلمی «پینۆکیۆ»، عەلی خامنەیی دەرهێنەری فیلمەکانی «میلیۆنێری سواڵکەر»، «هەری پاتر و هەڵبژاردن»، «ڕێبەرێك لە جینسی تەپەدۆر»، «خۆرەتاوی تووکن» و دەیان فیلمی دیکە، سادق خەڵخاڵی، ئەکتەری فیلمی «خاڵخاڵۆکە و شای مشکەکان» بە هاوڕێیەتیی ئایەتوڵڵا مشکینی لەو هونەرمەندانەن کە ماوەی سی ساڵە سواری فەرەجوڵڵا بوونە و دانابەزن.

خاڵۆ فەرەجی هەژار کە هیچی بۆ گوتن پێ نیە، هەر ڕۆژە و لە ماڵپەڕێکدا بابەت یان وتووێژێکی لێ بڵاو دەبێتەوە. خوا بەزەیی بە سینەمای هالیڤوود و بالیڤوود و ناتاڵی ڤوود و سینماکارانی بەستەزمانی دیکەدا هات کە زمانی بە فەرەج نەدا، ئەگینا سووك و ڕیسوای دەکردن.

■ ئیبراهیم لاجانی

# توندوتیژی بە دژی ژنان دوای تەواوبوونی شەڕ

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاوکراوەتەوە، توندوتیژییەکی بەرین لە نێو ئەو بنەماڵانەدا هەیە کە پیاوەکانیان پاش تەواوبوونی شەڕ گەڕاونەتەوە ماڵەوە.

ژنێکی کامبۆجی دەگێڕێتەوە کە مێردەکەی پاش تەواوبوونی خزمەتەکانی لە ڕیزی خەمیرە سوورەکان لە ساڵی ۱۹۹۱دا و گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، بە شێوەیەکی بەردەوام بە دژی ئەو و منداڵەکانیان توندوتیژی دەنوێنێ. ئەو ژنە دەڵێ کە هاوسەرەکەی هێندە توندوتیژی دیتووە و هێندە بۆ خۆی توندوتیژی لە دژی کەسانی دیکە نواندووە، کە ئیتر ناتوانێ بە شێوەیەکی ئینسانی ڕەفتار بکا. پیاوێکی مەقدۆنیایی دەڵێ شەڕ ئێمەی تێك داوە، ئەمن ناتوانم لە ژنەکەم نەدەم. ژنێکی فەلەستینی لە ڕاموڵڵادا دەڵێ، دیاردەی خۆکوشتن بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو ژنان و کچانی ئەو ناوچەیەدا زیادی کردووە. لە ڕاموڵڵادا ناوەندێکی فریاکەوتن و یارمەتیدان بە ژنان و کچان دامەزراوە. بەڕێوەبەری ئەو ناوەندە دەڵێ بەیانییان کە پیاوەکان دەڕۆنە سەرکار، تەلەفۆنی ناوەندەکە دەست بە زەنگلێدان دەکا. لە سەدا حەفتای ئەو کەسانەی زەنگ لێدەدەن، ئەو کچ و ژنانەن کە لە لایەن باوکەکانیان، براکانیان و مێرد و مام و خاڵ و کەسوکارە نزیکەکانیانەوە، ئەزییەت و ئازار دراون یان دەستدرێژییان کراوەتە سەر و لێیان دراوە.

تاقمێکی پسپۆڕی ڕێکخراوی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هاوینی ۲۰۰۱ دا، بۆ ماوەی ساڵێك لە ناوچە قەیرانی و شەڕلێدراوەکانی دونیادا، لەسەر شوێنەواری شەڕوکێشە چاکدارییەکان لەسەر ژنان، لێکۆڵینەوەیان کرد. ئەو دەستەیە سەردانی بۆسنی هێرزێگۆوین، مەقدۆنیا، کۆسۆڤۆ، سێربستان، کۆلۆمبیا، کامبۆج، تەیمووری ڕۆژهەڵات، لیبریا، گینە، ڕواندا، سیرالیێئۆن، سۆماڵی، ئیسرائیل و ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستینیان کرد. لە هەمووی ئەو ناوچانەدا، ژنان باس لەوە دەکەن کە چەك و تەقەمەنی ژیانی بنەماڵەی ئەوانی شێواندووە. ئەوان دەڵێن سەربازیگەری بە جۆرێك ژیانی کوڕ و مێرد و براکانی ئەوانی داگرتووە کە ئیتر ناناسرێنەوە. ئەوان دەڵێن هاوسەرەکانیان ساردن، عەسەبی و داخراون و توندوتیژییان لێدەبارێ. ئەو لێکۆڵینەوەیە دەنگێکی زۆری دایەوە، چونکە دەرکەوت کە ئەو وەزعە لە هەموو شوێنە شەڕلێدراوەکاندا هەر ڕاستە.

لە هاوینی ۲۰۰۲ دا، لە پایەگایەکی سەربازیی ئەمریکا، لە باکوری کالیفۆڕنیادا، چوار کەس لەو سەربازانەی لە شەڕی ئەفغانستانەوە گەڕابوونەوە، ژنەکانی خۆیانیان کۆشت. لەم دواییانەدا، لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکادا ئەوە دەخوێنینەوە کە ڕاپۆرتە نهێنییەکان ئەوە دەردەخەن کە هەرکات سەربازانی ئەمریکا، بۆ شەڕ و عەمەلیاتی سەربازی دەڕۆنە دەرەوە، ڕادەی توندوتیژیی پیاوان بە دژی ژن و منداڵان لە کۆمەڵگای ئەمریکادا، بە شێوەیەکی لە ڕادەبەدەر دەڕواتە سەرێ.

لە نێو سوپای ئەمریکادا، کە لەساڵی ۱۹۹۹دا، سێسەدوسی هەزار ئەندامی هەبووە، ۸٦٤۸ ژن شکایەتیان لەو توندوتیژییە کردووە کە سەربازەکان لە ماڵدا لە خۆیانی نیشان دەدەن. دیارە ئاماری درووستی ئەو دیاردەیە، زۆر لەوەش زیاترە. چوونکە هەموو ژنەکان ناچن شکایەت بکەن و ئەو مەسەلەیە بە پۆلیس ڕابگەیەنن.

لەسەدا حەفتاوپێنجی ژنانی کامبۆجی، کە مێردەکانیان لە شەڕ و کێشە چەکدارییەکاندا بەشداربوون، پاش ئەوەی کە لە ساڵی ۱۹۹۵دا، هێزەکانی پاراستنی ئاشتی هاتنە نێو وڵاتەوە، بوونەتە قوربانیی توندوتیژی. بەشێکی زۆر لەوان لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە تەقەیان لێکراوە.

هەموو لێکۆڵینەوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەوە دەردەخەن کە چەکداربوونی پیاوان، دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و منداڵان لە کۆمەڵدا پەرەپێدەدا. هەروەها هەر ئەو لێکۆڵینەوانە ئەوە نیشان دەدەن کە توندوتیژیی بنەماڵەیی لە کاتی شەڕ و کێشە چەکدارییەکاندا زۆرتر دەبێ.

ئەو دیاردەیە پاش تەواوبوونی شەڕ و بە گەڕانەوەی پیاوەکان لە بەرەکانی شەڕ بۆ ماڵەوە، بەرینتر و قووڵتریش دەبێتەوە.

سەد میلیۆن کەس لە ئاکامی شەڕدا، لە سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا کوژراون. کاتێك پیاوەکان لە سەنگەرەکاندا دەکوژرێن، ژنان و منداڵان لە ئاکامی بۆمبارانی شار و گوندەکاندا، لەبەر برسیەتی و تینوویەتی، لە ئاکامی نەخۆشی و ناچارکردنیان بە لەشفرۆشیدا، گیان لە دەست دەدەن.

تەنانەت ئەگەر ئەو ژن و منداڵانە زیندووش دەردەچن، هەتاهەتایە دەبێ لەگەڵ بیری خۆکوشتن، دستەویەخە بن. هەر کات مێرد و برا و باوکیشیان لە شەڕ دەگەڕێنەوە، ئەشکەنجە و ئەزییەت و ئازار دەدرێن، چوونکە هەست دەکەن کە بە هۆی ژن و کچەکانیانەوە شەڕەفیان لەکەدار بووە.

پاش تەواوبوونی شەڕی سارد، ٤٠ میلیۆن کەس ئاوارە و پەڕەوازە بوون. هەشتا لە سەدی ئەوانە ژن و منداڵن.

بە لە بەرچاوگرتنی ئەوە کە کوردستانیش یەکێك لەو مەڵبەندانەیە کە ساڵانێکی زۆرە مەیدانی شەڕ و سەرکوت و زەبرو زەنگی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان بە دژی میللەتی کوردە، دەکرێ ئەو دیاردەیە لە کوردستانیش هەر ڕاست بێ.



■ ئا: شەهاب خالیدی

# پانۆرامای ساڵی ۱۳۹۰ی هەتاوی

۱۹ی خاکەلێوەی ۱۳۹۰:

هێزەکانی ئەرتەشی عێراق هێرشیان کردە سەر کەمپی ئەشرەف، شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی موجاهیدینی خەلقی ئێران کە لە ئاکامی شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوانیاندا ۳٤ کەس لە ئەندامانی موجاهیدین بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەتییەکانی ئەرتەشی عێراق گیانیان لەدەست دا.

۲۵ی خاکەلێوەی ۱۳۹۰:

۱۲کەس لە خەڵکی مەدەنیی ئەهواز لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە کوژران. لەو ڕۆژەدا خەڵکی ئەهواز بۆ زیندووڕاگرتنی شەشەمین ساڵڕۆژی سەرهەڵدانی ۱۵ی ئاڤریل خۆپێشاندانیان ساز کردبوو.

۱۱ی بانەمەڕی ۱۳۹۰:

سەرۆکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، ئوسامە بن



لادێن، دوای ۱۰ ساڵ خۆشاردنەوە، لە لایەن هێزە ئامریکاییەکانەوە کوژرا. دوای کوشتنی بن لادێن، سەرکۆماری ئامریکا باراك ئۆباما رایگەیاند کە سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە کوژرا، بەڵام شەڕ بە دژی تێرۆریزم هەر درێژەی دەبێ.

٤ی جۆزەردانی ۱۳۹۰:

سکرتێری گشتیی PDKI، بەڕێز کاك مستەفا هیجری، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکای کرد و لە لایەن شاندێکی پایەبەرزی ئەم وەزارەتخانەیەوە پێشوازی لێ کرا. دو ڕۆژ پێشتریش کۆبوونەوەیەکی بەرین لە بینای کۆنگرەی ئامریکا بۆ سکرتێری گشتیی PDKI لە بارەی نەتەوەکانی ئێران پێك هێنرابوو. ڕۆژی ۲ی بانەمەڕیش واتە مانگێك پێشتر ڕێزدار مستەفا هیجری چاوپێکەوتنێکی دیپلۆماتیکی لەگەڵ لایەنە ئێرانی و بیانییەکان لە ئامریکادا پێك هێنابوو.

٤ی جۆزەردانی ۱۳۹۰:

ئەحمەد شەهید، وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی مالدیڤ، وەك ڕێپۆرتێری تایبەتی مافی مرۆڤ لە ئێران دیاری کرا.

۲۲ی جۆزەردانی ۱۳۹۰:

هەڵبژاردنی پارلمانی لە وڵاتی تورکیەدا بەڕێوە چوو. لەو هەڵبژاردنانەدا کە لە سەدا ۹۰ی خەڵك تێدا بەشدار بوون، کوردەکان توانییان ۳٦ نوێنەر بۆ پارلمانی تورکیە بەڕێ بکەن کە ئەمە لە چاو هەڵبژاردنی پێشوو دەسکەوتێکی باش بوو.

۲٦ی جۆزەردانی ۱۳۹۰:

کامیار و ئارەش عەلایی، دوو پزیشکی کوردی خەڵکی کرماشان کە بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ رووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستبەسەر و زیندانی کرابوون، بە هۆی چالاکییەکانیان لە بواری کارکردن لەسەر نەخۆشیی ئیدز، خەڵاتی شوورای جیهانیی تەندرووستییان پێ بەخشرا.

۳۰ی گەلاوێژی ۱۳۹۰:

لە درێژەی بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی دەوڵەتی تورکیە، بەداخەوە ۷ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەیەك کە کوردی کوردستانی عێراق بوون، لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیاندا بوونە ئامانجی بۆردومانەکە و هەر هەموویان گیانیان لەدەست دا.

۱ی خەرمانانی ۱۳۹۰:

لە ئاکامی سەرکوتی خۆپیشاندانی مەدەنیی خەڵکی شاری ورمێ لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، دوو کەس کوژران و بە دەیان کەسیش بریندار بوون. ئەم خۆپیشاندانانە کە شاری تەورێزیشیان گرتبۆوە، بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە بەرامبەر گرینگینەدانی دەوڵەت بە چارەسەرکردنی پرسی وشکبوونی گۆلی ورمێ رێك خرابوون.

۱ی ڕەزبەری ۱۳۹۰:

مەحموود عەبباس، سەرۆکی هەرێمی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین، داوای ئەندامەتیی فەرمیی فەلەستینی لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا راگەیاند. دوای ئەم داوایەی مەحموود عەبباس کومیتەی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داوای دەستپێکردنەوەی وتووێژەکانی ئاشتی کرد.

۱۹ی ڕەزبەری۱۳۹۰:

ڕێکخراوی حەماس لە هەمبەر ئازادکردنی گیلعاد شالیت، ئەو سەربازە ئیسرائیلییەی کە بە دیلی گرتبوو، جاری یەکەم ٤۷۷ دیل و جاری دووەمیش ۵۵۰ دیلی وەرگرت، کە هەر هەموویان فەلەستینی بوون و لە لایەن ئیسرائیلەوە دەستبەسەر و زیندانی کرابوون.

۲۸ی ڕەزبەری ۱۳۹۰:

راگەیەندرا کە موعەمەر قەزافی، سەرۆکی وڵاتی لیبی لە ئاکامی هێرشی شۆڕشگێڕانی



لیبیایی و هێزەکانی ناتۆدا کوژراوە. بە کوشتنی قەزافی شاری «سێرت»یش ئازاد کرا و کۆتایی بە دەسەڵاتی قەزافی هێنرا. بەرپرسانی شوورای نەتەوەیی لە لیبی لە ڕۆژی ۲۳ی ئۆکتۆبر (۱ی خەزەڵوەر) ئازادیی وڵاتەکەیانیان جەژن گرت. ڕۆژی ۳ی خەزەڵوەریش راگەیەندرا کە تەرمی موعەمەر قەزافی و کوڕەکەی واتە مەعتەسەم قەزافی لەگەڵ تەرمی ئەبوبەکر یونس جابر، وەزیری بەرگریی دەوڵەتی لیبی لە شوێنێکی نادیاردا شاردراونەتەوە.

۱۵ی ڕەزبەری ۱۳۹۰:

مەشعەل تەمۆ، یەکێك لە خەباتگێڕانی کوردی دژبەری حکوومەتی سوریە، لە ماڵەکەیدا لە شاری قامیشلوو، لە لایەن گرووپێکی چەکداری سەر بە حکوومەتی سووریەوە تیرۆر کرا. ناوبراو وتەبێژی بزووتنەوەی دوارۆژی کورد لە سووریەدا بوو.

۱ی خەزەڵوەری ۱۳۹۰:

بوومەلەرزەیەك بە پێوەری ۷/۲ ریشتەر، شاری



وانی کوردستانی تورکیەی هەژاند کە لە ئاکامدا هەزاران کوژراو و برینداری لێ کەوتەوە. دوای ئەم رووداوە سروشتییەی شاری وان و دەوروبەری، کوردەکان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا کە بۆیان لوابوو، دەستیان بە کۆکردنەوەی یارمەتیی ماڵی بۆ لێقەوماوانی شاری وان کرد.

۱ی سەرماوزی ۱۳۹۰:

دانیەل میتران، خانمی یەکەمی پێشوی فەڕانسە



و سەرۆکی بنیاتی «فرانس لیبرتە» و هاوسەری فرانسوا میتران، سەرکۆماری پێشووی فەڕانسە کۆچی دوایی کرد.

دانیەل میتران، یەکیك لەو ژنە خەباتگێڕانە بوو کە بە هۆی پشتیوانیی بەردەوامی خۆی لە گەلی کورد، لە نێو کوردەکاندا وەك دایکی کورد دەناسرا.

۸ی سەرماوزی ۱۳۹۰:

هێندێك لە بەسیجی و لیباس شەخسییەکانی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشیان کردە سەر باڵوێزخانەی بریتانیا لە شاری تاران، کە ئەم کردەوەیەی ئەوان دژکردەوەی توندی بریتانیا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئامریکای لێ کەوتەوە. ئەوکات ڕێژیم رایگەیاند کە ئەوان ئاگایان لەو رووداوە نەبوو و لێکۆلینەوە لەو رووداوە دەکەن.

۸ی ڕێبەندانی ۱۳۹۰:

چوار فرۆکەی شەڕکەری ۱٦ ـ fی تورکیە لە نزیك گوندی رۆبۆسکی سەر بە ناوچەی قلابانی شرنەخ، کاروانێکی کاسبکارانیان کردە ئامانجی هێرشەکانی خۆیان، کە لە ئاکامدا ۳۵ کەس لە کاسبکاران گیانیان لەدەست دا.

۱۹ی ڕێبەندانی ۱۳۹۰:

نووسەر و وەرگێڕی ناوداری کورد، دوکتور ئیبراهیم



یوونسی بە هۆی نەخۆشی لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد. تەرمی ناوبراو رۆژی ۲۱ی ڕێبەندان لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا لە گۆڕستانی سلێمان بەگی بانە بە خاك سپێردرا.

# درکاندنی ڕاستییەکان یان خیانەت دەرحەق مێژوو؟!



■ زمزیران

وتەیەك لە نێو توێژی ڕووناکبیر و قەڵەمبەدەستدا هەیە کە پێموانیە کەس تا ئێستا نەیبیستبێت، ئەویش ئەوەیە کە مێژوو مامۆستایە بۆ گشت مرۆڤەکان، مامۆستایە هەم لەم بارەوە کە ڕووداوەکان دەخاتە ڕووی ئەمرۆکە و هەڵەکان بۆ کۆمەڵگای سەردەم دەخاتە ڕوو تاکوو پەندیان لێ وەرگرن و ئەو هەڵانە دووپات نەکەنەوە و هەروەها مامۆستایە بۆ ئەوەی کە داهاتوو لەسەر بناغەی ڕاست و بێکەندولەند دابڕێژین و خۆمان دوور بگرین لە لاڕێکانی ڕابردوو. بەڵام سەرەڕای ئاگاداربوونی گشت توێژی پێنووس بەدەست لەم بۆچوونە گرینگەی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، دووبارە و چەندین بارە شاهیدی ڕوودانەوەی هەڵەکان لە لایەن تاقمێك لە کۆمەڵگا هەین کە خۆیان دەبێ لە پێشەوەی گشت کۆمەڵانی خەڵك پەند لە مێژوو وەربگرن، ئەوانیش کەس نین بێجگە لە قەڵەمبەدەستان.

لە مێژووی گەلەکەماندا هەموو کات کەسانێك هەبوون کە لە بەرامبەر شەپۆلی مافویستیی گەلەکەیان ڕاوەستاون و پشتیان بە دووژمنانی گەلەوە داوە، هەر بۆیە بوونی خائین و خۆفرۆش لە نێو کورددا شتێکی نوێ نیە کە بمانهەوێت ئاماژەی پێ بدەین، بەڵام لەو نێوەدا قەڵەمی خائین دیاردەیەکە کە دەتوانین بڵێین دیاریی سەردەمی پێشکەوتن و ڕاگەیاندنە گشتییەکانە کە بەداخەوە لێرەولەوێ وەبەرچاو دەکەوێت.

چەند ساڵ لەمەوبەر بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لە کاناڵی سەحەری ئێران، بەشی کوردی بڵاو بۆوە بەناوی «دیار و نادیار» کە لەودا بە چەواشەکردنی کۆمەڵێك لە ڕاستییەکانی مێژووی خەباتی نەتەوەکەمان ، ویستیان بە خەیاڵی خۆیان خزمەتێك بە خەڵکی کوردستان بکەن و ڕاستیگەلێك کە حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شاردیانەتەوە، بێن و بۆ خەڵکیان ئاشکرا بکەن. لەم بارەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ تەواوی بابەتەکانی ئەم بەرنامەیە وەڵامی پێویستی لە ڕێگای تەلەفزیۆنی «تیشك»ەوە بە بەڵگەو شاهید دایەوە و ئیتر ئێمە قەستی ئەوەمان نیە کە شتێك بە وەڵامەکەی حیزب زیاد بکەین، بەڵکوو درووستکردنی ماڵپەڕێکی ئینتێرنێتی هەر بەم ناوە واتا «دیار و نادیار» وای کرد کە لەم بارەوە چەند دێڕێك بێنینە سەر پەڕەی کاغەز و ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین. ڕووداوەکانی مێژووی خەباتی گەلەکەمان بە ڕادەیەك ڕوون و ئاشکران کە پێویست ناکات کەس یا کەسانێك بێن و خەڵکێك کە خۆیان بەشی سەرەکیی ئەو خەباتە بوون، تێبگەیەنن، بەڵام با بزانین کە چ هۆکارگەلێك بۆتە هۆی ئەوەی کە کەسانێك وەك ئاغای عیرفانی قانعی فرد کە پێش لەمەش خزمەتیان بە دوژمنانی گەلی کورد بۆ هەمووان ئاشکرا بووە و وەکوو دەورگێڕی سەرەکیی ئەم ماڵپەڕە ئەرکی لەئەستۆیە، ئیزنی ئەوە بە خۆیان بدەن کە خەڵکی کوردستان ساویلکە بە حەسێب بێنن و خۆیان بە ئەرکدار بزانن کە ئەو خەڵکە وەخەبەر بێننەوە.

ئا. پووچەڵبوونەوە و شکستی گشت سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق خەباتی گەلی کورد:

هەروەك ئاگادارین هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە بە هەموو شێوازەکانەوە ویستوویەتی هەرەس بە خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد بێنێت، لە شەڕفرۆشی ئەو ڕێژیمەوە بگرە تاکوو تێرۆری ڕێبەرانی مەزنی گەلی کورد و شەهیدکردنی هەزاران کەس لە لاوان و پیران و منداڵانی کورد، ئەشکەنجە، زیندان و ئێعدام و سووتاندنی گوندەکان بەشێکی بچووکن لە هەوڵەکانی ڕێژیم کە لەو پێوەندییەدا داویەتی. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە، هەڵخەڵەتاندنی کەسانی سادە و ساویلکە و هەلپەرەست و چەکدارکردنیان لە بەرامبەر هێزی خەباتگێڕی کورد بەشێکی دیکە لە پیلانەکانی دەسەڵاتدارانی تاران بووە بۆ دژایەتیکردن و ڕاوەستان لە بەرامبەر ئیرادەی پۆڵایینی گەلی کورد، بەڵام بە خۆشییەوە هیچکام لەم پیلانانەی سەریان نەگرتووە و و بەئاشکرابوونی هەر کام لەو پیلانانەی ڕێژیم، خۆشەویستیی خەباتگێڕانی کورد زیاتر لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکدا ریشەی داکوتاوە. بەتایبەت ئەمرۆکە لە سەردەمی مۆڵتی مێدیادا و بەجیهانیبوون کە خەڵك زیاتر لە هەردەم بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بوون و بۆ وەدەستهێنانیان هەوڵ دەدەن، ڕێژیم هاتووە و لە ڕێگای مێدیای سەردەمدا خۆفرۆشانی گەلی کوردی وەگەڕ خستووە تا بە خەیاڵی خاوی خۆیان خۆشەویستیی حیزب لە نێو کۆمەڵگای کورد کەم بکەنەوە، بەڵام وا دیارە بێخەبەرن لەوەی کە ئەو کەسانەی کە ئەوان بە دوای تێرۆری شەخسیەتییانن، لە ناخی دڵی ئەم خەڵکەوە هەڵقولاون و تا ئەوان تۆمەتی زیاتریان وەپاڵ بنێن، لە نێو خەڵکدا خۆشەویستییان زیاتر دەبێت، چوونکە ئەم کارەی ئەوان نیشان دەدات کە هەر هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان گورزێکی جەرگبڕە کە وەپەیکەری کۆماری ئیسلامی دەکەوێت.

ب- بێئاگایی قەڵەمبەدەستانی ماڵپەڕی بەناو «دیار و نادیار» لە بیروڕای خەڵك بەنیسبەت خەبات:

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم قەڵەمفرۆشانە قەڵەمەکەیان بۆ خیانەت بە مێژووی گەلەکەیان بەکار بێنن، دووربوونیانە لە نێو جەرگەی کۆمەڵگای کوردستان. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو بەناو ڕووناکبیرانە لەناو کۆمەڵگادا دەبوون و بە جێگای دەستووروەرگرتن لە ئەربابەکانیان لە تاران و بەسەربردنی ژیان لە نێو باڵەخانەکانی تاران و سەفەرکردن بۆ وڵاتە جۆراوجۆرەکان بۆ چەند ڕۆژێك دەهاتنەوە نێو شەقامەکانی شارەکانی کوردستان و لە بەردەم شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی ئاواییەکان لە نێو گوندەکاندا ڕادەوەستان، دەیانبیست و دەیانبینی کە چۆن تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە هیوا و ئاواتەوە باسە سیاسییەکانی ئێران و جیهان و ناوچە لە مینبەری ڕاگەیەنە کوردییەکانەوە دەگوێزنەوە بۆ نێو کۆڕی خۆیان و وەك کارناسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەڵیاندەسەنگێنن، هەروەها دەیانبینی کە چلۆن لە نێو ماڵەکاندا کاناڵە تەلەفزیۆنییەکانی هێزە سیاسییەکان بوونەتە بەشێك لە ژیانی هەر کامیان و بە بێ ئەو ئەندامە خۆشەویستەی ماڵەکەیان هیچ شەوێك ڕۆژ ناکەنەوە. ئەو بەناو دیار و نادیارانە کە بە چەندین ساڵە دوور لە کوردستان دەژین و خۆیان بە پیاوچاکی گەلەکەیان دەزانن، ئەدی لە کوێن ئەو کاتانەی کە سینگی لاوانی کورد بۆ پەیداکردنی پاروەنانێك دەکەوێتە بەر گوللەی ئەربابەکانی ئەوان و قەڵەمفرۆشان متەقیان لێ نایێت و تەنانەت دێڕێکیش لە بارەیەوە نانووسن، ئاخۆ ئەو هەژارانەش سەر بە ئەمریکا و ئیسرائیلن و دەیانهەویست تەناهیی نەتەوەیی تێك بدەن! ئەگینا لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی وەلی ئەمری موسوڵمانانی جیهان کەس بۆ نان ناکوژرێت!!، سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە ئەو بەناو قەڵەمبەدەستانەی دیار و نادیار بە تەواوی مێژووی گەلەکەمان دەشێوێنن و زیاتر لە ئەربابەکانیان، نکوڵی لە خەباتی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەکەن و بۆ وێنە کۆماری پیرۆزی کوردستان و ڕێبەرانی ئەم کۆمارە ساوایە بێ هێنانەوەی هیچ بەڵگە و دۆکۆمێنتێکی مێژوویی سەر بە ئەم و ئەو لە قەڵەم دەدەن و گوایا هیچ کەس ڕاستییەکانی تاکوو ئەمرۆ نەزانیوە بێجگە لەوان و ئەوە ئەوانن کە ئەو ئەرکە قورسەیان کەوتۆتە سەرشان و دەبێ خەڵك ئاگادار بکەنەوە، خەڵکێك کە کۆمار لە خۆیانەوە هەڵقولاوە و خۆیان بەشی سەرەکیی کۆمار بوون. لە ڕاستیدا ئەو تاقمە بۆ خۆیشیان باش دەزانن کە کەس حەسێب بۆ قسەکانیان ناکات و تەنیا ئامانجیان شێواندنی ڕاستییەکان و هەوڵدان بۆ خستنی شك و دوودڵی لە نێو توێژی تازەپێگەیشتووی کۆمەڵگا و خەباتە تاکوو بە چەواشەی ڕاستییەکانی مێژووی گەلەکەمان و خەباتەکەی خەوشدار بکەن.

ج ـ وەدەستهێنانی ناو و ناوبانگ لە نێو خەڵك:

یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی ئەم قەڵەمفرۆشانە وەدەستهێنانی ناو و ناوبانگە لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا. ئەو تاقمە کاتێك دەبینن وشیارترین ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە سەنگەری خەباتدان و دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕاوەستاون و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ حورمەتی تێکۆشەران لە نێو خەڵکدا زیاتر دەبێت، بەڵام ئەوان هەرچی پەلەقاژە دەکەن و مێژوو دەشێوێنن کەس ناویان لێناهێنێت، کەوتونەتە خۆ تا ڕەنگە بە چەواشەکاری و سازکردنی درۆ بتوانن لە نێو خەڵکدا ناوبانگێکیان هەبێ. بە واتایەکی دیکە، ئەو تاقمە بە تۆمەتلێدان و هەڵبەستنی بوختان و تیرۆری شەخسییەتی ڕێبەرانی گەل بە تەمای ئەنگاوتنی دوو نیشانن کە لە لایەکەوە ناوێك بۆ خۆیان لە نێو خەڵکدا وەدەست بێنن و لە هەمان کاتیشدا خزمەتێکی مەزن بە ئەربابەکانیان لە تاران بکەن، ئەگەر جیا لەم ئامانجە ئامانجێکی دیکەیان هەیە، ئاخۆ کاتێك دۆست و دوژمنی کورد دان بە خەباتگێڕبوون و پاکبوونی پێشەوای ناودار و دوکتور قاسملووی شەهید و حیزبی دێموکرات دادەنێن، هەڵبەستنی تۆمەت و قسەی نابەجێ چ بنەمایەکی هەیە.

د ـ تێکدانی ریزەکانی خەباتی گەلەکەمان:

یەکێك لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی ئەو سیاسەتە نوێیەی ڕێژیم کە لە لایەن کۆمەڵێك قەڵەمی خائین بەڕێوە دەچێت، تێکدانی یەکیەتیی ریزەکانی خەباتگێڕان بەتایبەت لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندایە. ئەگەر سەیرێکی ئەو ماڵپەڕە بکەین، دەبینین کە ئەگەر خوێنەر جیا لەو ماڵپەڕە هیچ زانیارییەکی بەنیسبەت تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات نەبێت، وا هەست دەکات کە شەڕێکی توند لە نێو کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئارادایە کە نیزیکە چەك لێك بکێشن، بە واتایەکی دیکە بەڕێوەبەرانی «دیار و نادیار» بە درووستکردنی قسە و قسەڵۆك بۆ ئەندامانی سەرەوەی حیزب و نواندنی ئەوەی کە گوایا هەر کەس بەتەمای هەڵخەڵەتاندنی ئەوی دیکەیە و هەروەها نیشاندانی کەشوهەوایەکی باند و باندبازی دەیانهەوێت ریزەکانی خەبات تێك بدەن و بە خەیاڵی خۆیان لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن، بەڵام ئاخۆ ئەگەر وابێت چۆنە تەنیا ئەوان ئاگاداری ئەم وەزعەن و کەس خەبەری لێ نیە، یان ئاخۆ چۆنە کە کاروباری حیزبی ئاوا بە باشی دەچێتە پێش و ڕۆژ نیە پۆلێك لە لاوان تێکەڵ بە کاروانی خەبات نەبن؟؟.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە ئەگەر ئەو قەڵەمفرۆشانە تەنیا ئەو وتە بەنرخەی پێغەمبەری ئاشتییان بکردبایەتە ئاوێزەی گوێچکەیان، ئیتر نەدەهاتن و دەستیان نەدەکرد بە چەواشەکردنی ڕاستییەکان و هەوڵدان بۆ لێك دوورکردنەوەی خەڵك و خەباتگێڕان. قاسملووی ڕێبەر دەفەرمێت «حیزب و خەڵکی کوردستان وەك ماسی و ئاو وان، چۆن ماسی دەبێ لە نێو ئاودا بێت و بێ ئاو ناژیت، حیزبی دێموکراتیش ئاوا لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا جێگای گرتووە و تاکوو خەڵکی کوردستان هەبێت حیزبیش هەر ماوە و درێژە بە خەبات دەدات». تاکوو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان حەز و ئاواتەکانیان لە نێو حیزبی دێموکراتدا دەبیننەوە و حیزبی دێموکرات خۆی بە ڕۆڵەی خەڵکی کوردستان دەزانێت، هیچ پیلانێکی دوژمنان بۆ لێکدابڕانی ئەم گیانە کە لە نێو دوو جەستەدایە سەرناگرێت، هەر وەك مێژوو نیشانی داوە کە دێموکرات یانی خەڵکی کوردستان و خەڵکی کوردستان یانی دێموکرات.

بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 578 ▪ 3 Apr 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


زایـــەڵـــە

باران

## خۆپیشاندانی زۆرەملێ لە پێناو چیدا

کۆماری ئیسلامی شانۆ لەدوای شانۆ بەڕێوە دەبا و ناوی جۆراوجۆری لێ دەنێ وەك حەماسەی جەماوەری، شووری ئینقلابی خەڵك، «حزووری هەمیشە لە سەحنەی خەڵك» و هتد. نمایشی بوونی ئەو جۆرە شانۆگەلە بۆ دنیای دەرەوە و هێندێ لە ڕۆژنامەنووسان و ڕاپۆرتنێرانی بیانی ئەوەندەی بۆ خەڵکی ئێران کە خۆیان ڕاستەوخۆی دەرگیری بابەتەکەن ڕوون و زەقە، ڕوون و بەرچاو نەبووە و ئەمەیش هێندێ جار بووەتە هۆی ئەوەی ڕاپۆرتی هەڵە لە قورسایی و کێشی لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران ڕەنگ بدەنەوە.
بۆ نموونە، لە ڕەوتی خۆپیشاندانی ٩ی بەفرانباری ٨٨دا کە بە ڕواڵەت لایەنگرانی خامنەیی دژ بە بزووتنەوەی سەوز بەڕێویان برد و بەناو هێزی خەڵکیی خۆیان بە دنیا نیشان دا، کەم نەبوون ئەو ڕاگەیەنە بیانییانەی کە بە هۆی بێئاگاییان لە پشتی پەردەی ئەو خۆپیشاندانە، هەواڵەکەیان بە شێوەیەك ڕوومال کرد کە گۆیا هەر بەو جۆرەیە کە سەرانی ڕێژیم بانگەشەی بۆ دەکەن. ئێستا زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕیوە و حەمید بەقایی، جێگری بەڕێوەبەریی مەحموود ئەحمەدی نژاد بە شێوەیەك لە شێوەکان دانی بەوەدا ناوە کە ئەو خۆپیشاندانە لە لایەن ئەوان و دەزگا دەوڵەتییەکانی دیکەوە ڕێك خرابوو و لە شانۆیەك زیاتر نەبووە. بەقایی لە وتووێژێك لەگەڵ تایبەتنامەی نەورۆزیی «خوراسان»دا وتوویەتی: «هەر لەم ڕووداوی ٩ی بەفرانبارەدا، ئێمە خۆمان گرووپی ڕێپێوانمان ڕێك خستبوو، خۆیشم لە ڕیزی پێشەوە بووم و هەموو کارمەندەکانیش هاتن».
خەڵکی ئێران نەتەنیا سەرکوت دەکرێن و ئیزنی دەربڕینی نارەزایەتییان نیە، بەڵکوو بە شێوەی جۆراوجۆر ناچار دەکرێن لە بۆنە جیاجیاکانی ئەو ڕێژیمەدا ڕیزی خۆپیشاندانەکانیان پڕ بکەنەوە، خۆپیشاندانگەلێك کە بە دڵنیاییەوە زۆربەی بەشداربووانی بە نابەدڵی و لە ڕووی ناچارییەوە تێیدا بەشدارن. ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە شانۆی خۆپیشاندانانە، لە ساڵە سەرەتاییەکانی دەسەڵاتداریدا زۆر جیاواز بووە لەو ئامانجەی لەم ساڵانەی دواییدا هەیەتی. ئەو ڕێژیمە پێشتر بەدوای مەکتەبی بارهێنانی خەڵکی سەرانسەری ئێران و قبووڵاندنی بە ڕواڵەت دڵخوازانە و لە ڕاستیدا زۆرەملێی بیروباوەڕە حکوومەتییەکانی بە خەڵك لە ڕێگەی دووپاتکردنەوەی پەیتاپەیتایان لە ڕێگەگەلی جۆراوجۆرەوە بوو، بەڵام لەم قۆناخەی دواییدا تا ڕادەیەکی زۆر دەستی لەو سیاسەتە شۆردووەتەوە و بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە نمایشانەی زیاتر ڕووی لە دەرەوەی ئێرانە. ئەم وەرچەرخانە لە سیاسەتی پروپاگەندەیی ڕێژیم زیاتر لەوەڕا دێ کە ئەو ڕێژیمە ئیدی تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەی قبووڵ کردووە کە خەڵکی ئێران بە زۆری دژی ئەو نیزامەن و پێچەوانەنیشاندانی ڕاستییەکان بەپێچەوانەی ئەوەی هێندێ تیۆریی سواوی تەبلیغاتی بانگەشەی بۆ دەکەن، نەلواوە و سەردەمی ئەوەیش بەسەر چووە کە کەمینەیەك لە ڕێگەی ڕێکخستنی تۆکمەوە خۆی وەك زۆرینە و دەنگی سەرانسەری نیشان بدات. وەك چۆن خەڵکی ئێران ئاگاداری شانۆبوونی ئەو جۆرە خۆپیشاندانە حکوومەتییانە و زۆرەملێبوونی بەشداریی لەواندان، خەڵکی دەرەوەی ئێرانیش هەر ئێستا پتر لە ڕابردوو ئاگاداری ئەو ڕاستییەن و کۆماری ئیسلامی لە پێکانی ئەم ئامانجەیشیدا ناسەرکەوتوو بووە.

# ئێران گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسانە




کومیتەی داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان، کۆماری ئیسلامی وەکوو پێشێلکەری ئازادیی چاپەمەنی شەرمەزار کردووە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕادیۆ فەردا، ئەم کومیتە کە ناوەندەکەی لە ئامریکادایە، بە ئاماژە بە دەستبەسەرکردنی تەهمینە مونزەوی و نازەنین خوسرەوانی، کۆماری ئیسلامی بە گوشارهێنان بۆ چاپەمەنی تۆمەتبار کردووە.
تەهمینە مونزەوی، وێنەگرێکە کە لەسەر بابەتگەلێکی کۆمەڵایەتی وەك تووشبوون بە ماددە سڕکەرەکان و کارتۆن خەوەکان کاری دەکرد و لە ڕێبەندانی ساڵی ٩٠دا دەستبەسەر کرا. نازەنین خوسرەوانی، ڕۆژنامەنووسێکی سیاسییە کە پێش لە ساڵی نوێی هەتاوی، بۆ تێپەڕاندنی شەش ساڵ زیندان، خرایە بەندیخانەوە.
کومیتەی داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان، ئێرانی بە گەورەترین زیندانی ڕۆژنامەنووسان ناو بردووە و جەختی کردووەتەوە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١١ی زایینیدا، ٤٢ ڕۆژنامەنووس لە ئێراندا زیندانی بوون.
بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ئەو کومیتەیە لەم بەیاننامەدا جەخت دەکاتەوە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، شێوەگەلێکی بێڕەحمانە بەکار دەبەن تا دەنگی ڕۆژنامەنووسە ڕەخنەگرەکان کپ بکەن.

# فێستیڤاڵی فیلمی مافی مرۆڤ لە لەندەن بەڕێوە چوو


فێستیڤاڵی فیلمەکانی چاودێری مافی مرۆڤ (Human Rights Watch Film Festival) پاش ١٠ ڕۆژ، ڕۆژی ٣٠ی مارس کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.
بەپێی ڕاپۆرتی بی.بی.سی، لێڕوانینی گشتیی فیلمەکانی بەشدار لە فێستیڤاڵی ئەمساڵ لە لەندەن (٤ فیلمی داستانی و ١٥ فیلمی داکیۆمێنتاری)، نمایشی هەژاری، نادادپەروەری، زوڵم و زۆر و مەیل بە پێکهێنانی گۆڕانکاری لە چوار گۆشەی جیهاندا بوو. فێستیڤاڵی ئەمساڵ چەند تەوەری سەرەکی هەبوو کە «مافی ژنان» گرینگترینیان بوو.
فیلمی داکیۆمێنتاری جان شانك بە ناوی «سەرکۆماری دوورگە» یەکەمین فیلمێك بوو کە نمایش درا. فیلمێك کە باسی ژیانی موحەممەد نەشید، سەرکۆماری پێشووی مالدیو و ڕێبەری حیزبی دێموکراتی ئەم وڵاتە دەکا.
فیلمەکانی دیکەی فێستیواڵەکە بریتی بوون لە: «ڕزگارکردنی ڕووخسار»، بەرهەمی شارمین عوبەید چینەوی لە پاکستان، «بەهەشتی بچووك»، بەرهەمی لیون کورتهوتس لە بێلژیك، «وێنەی ڕەش و سپی بنەماڵە»، بەرهەمی جولیا ئیوانوا لە کانادا، «ماچی پۆتین»، بەرهەمی لیز بێرك پێدێرسێن لە دانمارك، «سڵاو دانك»، بەرهەمی دەیوید فاین لە ئامریکا، «ئازیزەکەم»، بەرهەمی سوزان یوسف لە فەلەستین، «بلووکی ڕەش»، بەرهەمی کارلۆ بێشمیت، «تەنانەت باران»، بەرهەمی ئایسێر بولین، «نرخی سێکس»، بەرهەمی میمی چاکاروا، «فڕینی تایبەتی»، بەرهەمی فێرناند مێلگار، «٥ کامێرای شکاو»، بە دەرهێنەریی عێماد بێرنات و گای دەیویدی، «ڕەنگی ئۆقیانووس»، بەرهەمی مووگی پێرن لە ئیسپانیا، «بە نێو موغاك: داستانی مەرگ، داستانی ژیان»، بەرهەمی وێرنێر هێرتسوگ، «برای پلە یەك»، بەرهەمی ئێنی گوڵدسان لە نیوزیلەند، «کومپانیای رووبانە پەمەییەکان بە بەرپرسیارەتیی بەرتەسکەوە»، بەرهەمی لیا پول، «بەرخۆدانی پتر»، بەرهەمی بێتینا بورگفێڵد و دەیوید بێرنێت لە ئاڵمان و سوئیس.
فیلمی ڕۆژی کۆتایی فێستیڤاڵی مافی مرۆڤ لە لەندەن، کۆمێدی درام «ئێستا بۆ کوێ بڕۆین؟»، بەرهەمی نادین لەباکی لە لوبنان بوو کە داستانی گرووپێك لە ژنانی لوبنانییە کە لە گوندەکەیاندا لە پێناو ئاشتی و پێکەوەژیانی مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان و پێکهێنانی ئاشتی هەوڵ دەدەن.
فێستیڤاڵی فیلمەکانی چاودێری مافی مرۆڤ هەر ساڵ لە یازدە شاری گەورەی جیهان لەوانە لە شیکاگۆ، نیویۆرك، تۆرێنتۆ، واشینگتۆن و لەندەندا بەڕێوە دەچێ.



دیمەنێك لە فیلمی سەرکۆماری دوورگە



دیمەنێك لە فیلمی ئێستا بۆ کوێ بڕۆین؟



دیمەنێك لە فیلمی ڕزگارکردنی ڕووخسار



دیمەنێك لە فیلمی بەهەشتی بچووك

# جیهان ئەمساڵیش کاتژمێرێک کوژایەوە

ئەمساڵ، ژمارەیەکی زیاتر لە خەڵکی جیهان بە بزاڤی «کاتژمێری زەوی» پەیوەست بوون. بەپێی ڕاپۆرتی ماڵپەڕی «Earthhour»، ئەمساڵ ١٥٠ وڵات و ناوچەی جیهان و ٦٤٩٤ شار و شارۆچکەی جیهان، ئەو پەیامەیان نارد کە هەوڵە جۆراوجۆرەکانمان بۆ پێکهێنانی داهاتوویەکی دڵنیاییکەرانە پێویستن.
ئەم بزاڤە بۆ یەکەمین جار پێنج ساڵ لەمەوبەر لە لایەن لقی سندووقی جیهانیی سرووشت (WWF) لە ئۆسترالیا دەستی پێکرد. دانیشتووانی سیدنی لە ساڵی ٢٠٠٧دا، یەکەمین هەنگاویان بۆ تۆماکردنی «کاتژمێری زەوی» هەڵگرت و بەپێی ئامارە تۆمارکراوەکان، ڕۆژی ٣١ی مارسی ٢٠٠٧ی زایینی، کاتژمێر ٧ و نیوی ئێوارە بە کاتی خۆجێیی، نزیك بە ٢ میلیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس و پتر لە ٢ هەزار دامەزراوە و کومپانیای بازرگانی لە کردەوەیەکی هاوئاهەنگدا، بۆ ماوەی کاتژمێرێك چراکانی بیناکانی خۆیان لە سیدنی کوژاندەوە. پاش ئەوەی بزاڤی «کاتژمێری زەوی» لە جیهاندا پەرەی سەند و زۆربەی شارە گەورەکانی جیهانی گرتەوە، بەرنامەدارێژەرانی لەسەر ئەوە ڕێك کەوتن کە کاتژمێر ٨ و نیو تا ٩ و نیوی ئێوارەی دوایین شەممەی مانگی مارسی هەر ساڵ وەکوو کاتژمێری زەوی دیاری بکرێ. بەپێی داتاکانی ماڵپەڕی فەرمی کاتژمێری زەوی، لە ساڵی ٢٠١١دا، سەدان میلیۆن کەس لە ١٣٥ وڵاتی جیهان لە کوژانەوەی یەك کاتژمێری «کاتژمێری زەوی»دا بەشدارییان کردووە.
ئاڵوگۆڕی ئاووهەوایی مەترسییەکی جیددییە بۆ نەوەی هەنووکە و نەوەکانی داهاتووی جیهان و بەو پێیەش کە گازە گوڵخانەییەکان پشکیان لە زیادکردنی ئەو مەترسییە زۆرە، هەر بۆیە کوژانەوەی گڵۆپەکان کە بە واتای بەکارهێنانی کەمتری سووتەمەنیی وزەگاکانی برقە، دەتوانێ بە هەنگاوێکی جیددی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکانی گەرمبوونی زەوی بێتە ئەژمار. بزاڤی «کاتژمێری زەوی» بە وشیارکردنەوەی زیاتری خەڵك لەو مەترسییانە و پێکهێنانی هاودەنگیی جیهانی لەو پێوەندییەدا یارمەتییەکی شایان دەکا.

